
# له داوێنی ئاربەبا

## ژمارە ٢٩



سەرنووسەر و بەڕێوەبەر : ک.د.ئازاد
کانالی تێلگرامی : @Le_Daweni_Arbebawe
ساڵی سێهەم ـ خەزەڵوەری ٢٧٢٢



| نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | ئاورێک لە کەسایەتی و قەڵەمی هێرش بێتووشی | ٢ |
| بروجرد. زانا کوردستانی | ئاری عەبدولەتیف | ٤ |
| بروجرد. زانا کوردستانی | چەند کورتە شیعر لە ئیبراهیم هورامانی | ٥ |
| بوکان. علی حقیقی ـ ساحێب. دەریا ئازەرپوور | کەشکەک ـ بە ناوی بەرزت نووسەری باران | ٦ |
| ئیلام. مصطفی بیگی "رودوس فەیلی | خاڵخاڵوو / ماڵخاڵوو "کفش دوزک" | ٧ |
| بروجرد. زانا کوردستانی ـ سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | شێعر | ١٠ |
| هەولێر. ئیمان یادەوەر | پڕم لە هیچ | ١١ |
| سەردەشت. سابیر بێتووشی ـ سەردەشت. خەمبار | شێعر | ١٢ |
| هەولێر. سەعدوڵڵا نووری | شێعر | ١٣ |
| سەردەشت. کەماڵ ئازەری | خۆشەویستی هە وینی ژیانە . ٣ . | ١٤ |
| سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور | کورتە پێناسەیەک لە ڕۆمانی(دەریاس و لاشەکان) | ١٥ |
| سەردەشت. هێمن تەنیا ـ بۆکان.هیدایەت ئازەری (خەمبار) ـ سەقز. بەفراو | شێعر | ١٦ |
| سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی | سەفەری بێگەڕانەوە | ١٧ |
| سەقز. شلێر ڕەشیدی ـ سەردەشت. ئەوین ڕەحمەنی | شێعر | ١٨ |
| بانە. قادر خدرزادە | مامۆستا هێمن و یاد کردنەوە لە بیرەوەریەک | ١٩ |
| بوکان. سەعید سەلیمی بابامیری | وەرگێڕانی شێعری: ئێمیلی برۆنتی هاودەردی (Sympathy) | ٢٠ |
| بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | شرۆڤەی پەندی پێشینیان | ٢١ |
| سەقز. فەریدەکاکی ـ مەهاباد. سید سمایل شاهۆیی ـ بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی | شێعر و کاریکاتۆر | ٢٢ |
| بانە.تاهیرەویسی( کۆچەر) . یاسین مولایی | بابەت:هەڤپەیڤین لەتەک دوکتۆرفەرشیدیووسفی شاعرونۆسەرومامووسای زانکۆ | ٢٣ |
| شنۆ. گوندی «شێخان. بڕوا کارساز ـ مهاباد. یۆسف شەریف زادە ـ مەهاباد. ئێلاهە پیرۆتی | شێعر | ٢٥ |
| مەریوان. ئەوین سوبحانی ـ پاوە. ئوسمان ڕەحیمی هە جیجی | شێعر | ٢٦ |
| مەهاباد. زریان | شێعر | ٢٧ |
| سنندج. زاهێد مەجیدی | کورتەچیرۆکی "کووپێک قاوە"ـ سەرباز | ٢٨ |
| ڕەحیمخان ـ نادرمستەفازادە | وەرگێڕانی شێعر | ٢٩ |
| لەیلاخ. واحێد کەریمی | سۆفی حەمە شەریف | ٣٠ |
| بانە. ئامینە عەزیزی"سروور" ـ پیرانشار. سەعدی عەباسی ـ ڕەبەت. سامڕان هێژا | شێعر | ٣٢ |
| شارەدێی ڕەحیم خان. یۆنس ئەمین پوور | پێنج خشتەکی لە سەر شێعری کاک لوقمان پیر بادینی (کۆنە یار) | ٣٣ |
| دێولان.ڕەنجبەر | ترس بەربەستی سەرنەکەوتن | ٣٤ |
| پیرانشار، گوندی گردکسپیان. هاوار لاجانی ـ دیواندرە. ئێدریس عەبوودی | شێعر | ٣٥ |
| سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی ـ مەریوان. سەنگەر | شێعر | ٣٦ |
| مەهاباد. تاهیر عەزیزی | نەمزانی | ٣٧ |
| بۆکان. ئیبراهیم هوشیار ـ بۆکان. ناتق مەجیدی (سۆران) | شێعر | ٣٨ |
| ساحیب. عابید حسەینی | خوێندنەوەیەکی ژینگەییانە بۆ شێعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس | ٣٩ |
| مەهاباد. سووتاو ـ مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی(زایەڵە) | شێعر | ٤٠ |
| مەهاباد. هەژێن | شێعر | ٤١ |
| ڕەحیمخان ـ نادرمستەفازادە ـ زەرینەی هەوەتوو. ناسر زامدار | شێعر ە و وەرگێڕان | ٤٢ |
| هەولێر. موحیب مەهابادی ـ سەید کامیل ئیمامی "ئاوات" | شێعر و وێنەی مێژوویی | ٤٣ |
| سەقز.کامیل موحەممەد جانی ـ ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە | شێعر | ٤٤ |
| بانە . باوکی نیشتمان | شێعری مناڵان | ٤٥ |
| بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی | شێعری مناڵان | ٤٦ـ٤٧ |
| بانە. ک.د.ئازاد | شێعر | ٤٨ |
| | | |
| | | |
| | | |


گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

# ئاورێک لە کەسایەتی و قەڵەمی هێرش بێتووشی






بۆکان. ئەمین گەردیگلانی

هونەر عەشق و ئەوینێکە خۆ لە دڵ و ڕۆح و تان وپۆی لەشی هەر کەسێک بپێچێ وەهای شەیدا دەکا ئیتر بە تەواوەتی لە ژیانی ئاسایی دادەبڕێ، لە دنیا و ژیانێکی خەیاڵاوی و پڕ لە بۆن و بەرامە و ڕەنگامەی جوانی و خەونئاساییدا دەژی؛ بە تایبەت کاتێک ئەو هونەرە لەگەڵ ئەدەب و ئەخلاق و دەروەست بوونیش ئاوێتە بێ، ئەو کاتە ئیتر خاوەنی ئەو هونەرە سنووری جەستەی خۆی بەجێ دێڵێت و لە نیشتمانی هەموو ڕۆح و دڵە عاشقەکاندا نیشتەجێ دەبێ . ئەو کەسە ئەگەر بەو جێیەش بگا کە خۆی بە خاوەنی جەستە و ژیانی خۆی نەزانێت و ڕۆح و گیان و هەناسەی بۆ گەلەکەی بوێ و بە هۆی ئەوانیشەوە هەست بە بوونی خۆی بکات، ئەو کاتە دەبێتە ئەو کەسایەتییە خۆشەویست و کاریزما و لە دڵا شیرینەی کە خەڵک لە ئامێزی دڵیاندا جۆلانەی بۆ هەڵدەبەستن و هەناسە و هیوا و تاسەیان تێکەڵ بە هەست و خەیاڵ و ویستەکانی ئەو دەکەن. خاوەن هونەر ئەو کاتە بە لووتکەی بەرزی عەشق و هیواکانی دەگا کە بزانێت و باوەڕ بکا بە بێ گەلەکەی هیچە و بوونی گەلەکەی بوونی ئەوە. هەر خاوەن هونەرێ پۆز و ئیفادە بەسەر خەڵکدا لێ بدات و پێی وابێ کارێکی سەیر و سەمەرەی کردووە و چاوەڕێ بێ دەستی بۆ بە سنگەوە بگرن، ئەوە ئیتر هونەرمەند نییە، بەڵکوو کەسێکی هەلخواز و نەخۆشە و بڕوای بە هونەر و ئەدەب و ئەخلاق نییە. هیچ شتێک بە قەد خۆشەویستی خەڵک بە چێژ نییە، بەڵام چ خۆشەویستییەک؟ خۆشەویستییەک کە ڕاستەقینە و بێ ڕیا بێت و درۆ و دووڕەنگی تێدا نەبێ.

خۆشەویستی خەڵکیش هەروا سووک و سانا و کتوپڕ بە دەست نایە . لەخۆبردوویی و فیداکاری و دڵپاکی دەوێ. خاوەن هونەر دەبێ بەو ڕاستییە بگا و تێبگا ئەگەر خەڵکەکەی گوێ لە بەرهەمەکانی نەگرن و نەیانخوێننەوە، لەگەڵ مووروووە دەنگیلەیەک هیچ جیاوازییەکی نییە. دەی کاتێک خاوەن هونەر هەتا ئەو ڕادەیە پێویستی بە گەلەکەی هەیە، چۆن لووتیان لێهەڵدێنێ و خۆی لەوان بە زیاتر دەزانێ؟ هونەرمەند لە پێش هەموو شتێکدا بۆ دڵی خۆی دەنووسێ، بۆ دڵی خۆی گۆرانی دەڵێ؛ وەک چۆن کەسێک هۆگری جۆرابێن و دامە و یارییەکی ترە، ئەمیش هۆگری ئەو هونەرەیە و وەدووی کەوتووە . هەر بۆیە کاتێک هونەرەکەی گەشە دەکات و دەچێتە نێو خەڵکەوە نابێ لە خۆی دەرچێ و چاوەڕان بێ لە سەر دەست بیگێڕن . ئارەزووی هەموو هونەرمەندێک ئەوەیە بەرهەمە هونەرییەکانی بچنە نێو خەڵکەوە و ئاوڕیان لێبدرێتەوە، کەوایە هونەرمەند پێوستی بە خەڵکەکەیەتی و خەڵکیش پێویستیان بە هونەرەکەی ئەوە و پێکەوە دەتوانن کۆمەڵگایەکی جوان و ڕازاوە دروست بکەن. هونەرمەندێک بیهەوێ بە زۆر و بە زەبری بانگەشە و پیاهەڵدان و دەستەبازی خۆی دەرخات و خۆی بەرز بکاتەوە، زۆر زوو لەو بەرزاییە درۆیینەوە بەردەبێتەوە و دەبێ بە تۆزی بانان. مرۆڤ خۆی کەسایەتی بۆ خۆی دروست نەکات خەڵک لە خۆڕا بۆی دروست ناکەن و بە درۆ ناتوانن بیکەنە کەسایەتی. هەر بۆیە دەبێ ئاگامان لە کردەوە و هەڵسوکەوتی خۆمان بێت و ئابڕووی خۆمان و هونەرەکەمان بپارێزین.

بەو پێشەکییەوە دەمهەوێ ئاوڕێک لە کەسایەتی و هونەر و نووسینی مامۆستا هێرش بێتووشی بدەمەوە. هەموومان دەزانین مامۆستا هێرش جگە لەوەی خاوەنی ڕۆحێکی بەرز و دڵێکی گەورەیە، نووسەرێکی زۆر دیار و بەرچاو و قەڵەمڕەنگینیشە . مامۆستا هێرش ئەوەندەی بە هونەرەکەی توانیویەتی خۆی لە دڵی خەڵکدا جێبکاتەوە، بە ئەخلاق و هەڵسوکەوتی جوان و مێرانەی زۆر زیاتر خۆشەویستی گەلەکەی بە دەست هێناوە. شوکر بۆ خودا ئێستا بۆتە کەسایەتییەک کە ئەدەبدۆستانی کوردستان و خەڵکی شاری سەردەشت بە تایبەتی شانازی بە بوونییەوە دەکەن. لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بۆمان دەرکەوتووە مامۆستا هێرش چەندە بە خەمی زمانی کوردییەوەیە و بە هەموو توانایەوە هەوڵ بۆ گەشە پێدانی دەدات و نووسینی چەند کتێب بۆ فێر بوونی زمانی کوردی و بەڕێوەبردنی خولە بەردەوامەکانی فێرکاری زمانی کوردی بەشێکن لە کارنامەی پڕشنگداری ئەو مامۆستا خۆشەویستەمان.

لە نووسین و وەرگێڕانەکانیشیدا قەڵەمی بە بڕشت و کوردانە و بەهێزی مامۆستا هێرش حاشای لێناکرێ و لەو سێ ڕۆمانەدا کە وەریگێڕاوەتەوە، جاناتان مەلی دەریایی و گوڵئاغا و میرزا کوچکخان، توانایی و مامۆستایەتی زمانی کوردی پێوە دیارە و ئەگەر لە سەر بەرگەکەی نەنووسرێ وەرگێڕان و خوێنەر پێشتر کتێبە فارسییەکەی نەخوێندبێتەوە، پێی وایە نووسینی خۆیەتی و تام و بۆنی وەرگێڕانی پێوە دیار نییە و دەتوانم بڵێم زۆر لە فارسییەکەی جوانتر و بە تام و چێژتر و پڕە لە وشە و دەستەواژە و پەند و ئیدیۆم و زاراوەی شیرین و ڕەسەن و هەرکام لەو ڕۆمانانە بۆ ئەوە دەبن فەرهەنگێکیان لێ هەڵێنجین.



مامۆستا هێرش چونکە خۆی کوڕی لێڕەوار و دارستانە، کاتێک باسی لێڕ و نزاران و ڕەنگ و دیمەنی گەڵا و پۆپ و چڵیان دەکا دەڵێی دووربینی بە دەستەوەیە و بە جوانی و زیندوویی وێنەیان دەگرێ و دەیخاتە بەر چاوی خوێنەرەکەی.
هەتاو باڵی بەسەر لق و پۆ رووتاوەکان و هەردە ئەرخەوانییەکەدا کێشابوو. ڕەنگە زەرد و نارنجی و ئاڵتوونییەکان تێکەڵ بە یەک ببوون. وەکوو فەرشێکیان لە ڕەنگە گەرم و ئەهوەنەکان لە سەر زەوی ڕاخستبێت. میرزا لە حەشارگەکەی هاتەدەر . بە بەرد و کەرسەک کوانوویەکی بچکۆلەی دروست کرد . هەندێ پووش و پەلاش و گەڵا ویشکەڵ و چیلکەی باریکەڵەی لە ناو کوانووەکە هاویشت و ئاگری کردەوە. دووکەڵەشینەی ئاگری ناو کوانووەکە لە بۆشایی ئەرخەوانی دارستاندا قۆرت و پێچی دەکرد و بەرەو سەرەوە تێهەڵدەکشا. میرزا کووچکخان لاپەڕەی :٣٢
کاتێکیش باسی سووتان و هەڵقرچانی لێڕەوارەکە و تەرمی بە پێوە گرگرتووی دارەکان دەکا هەردەڵێی باس لە هەڵقرچان و سووتانی ناخ و جەرگی خۆی دەکات.
دەگەڵ بە هەرداکەوتنی هەر گوللە تۆپێک، دارێکی ئەستوور بەلادا دەهات و لە ناو لق و پۆیەکانیدا بڵێسەی سووری ئاگر بەرز دەبۆوە . هەندێ لە دارەکانیش نەدەکەوتن و هەر بە پێوە ئاگریان دەگرت . ئەوانیش بە ڕادەیەک دەکەوتنە ناو کڵپەی گڕەپێچانەکەوە کە تەواو دەسووتان و لە ئاقار خۆیان دادەمرکان . مەل و پەلەوەرەکانیش لە ترسان و بۆ دەربردنی گیانی خۆیان هەڵدەفڕین و لەو شەرگەیە دوور دەکەوتنەوە . مێروولە و زینەوەرەکانیش بە مەبەستی پاراستنی گیانی خۆیان بەملاولادا هەڵدەهاتن. ئەوان بەو هیوایە تەرە دەبوون کە درز و قەڵشتێک لە زەویدا بدۆزنەوە و خۆیانی تێڕابکەن . میرزا کووچکخان لاپەڕەی ٨٠
وەرگێڕان ماناکردنەوەی وشە نییە، بەڵکوو گەیاندنی پەیامی دەقی سەرەکییە و بە زمانی دووهەم دادەڕێژرێتەوە . وەرگێڕان دووبارە خولقاندنەوەیە. دووبارە نووسینەوەیە بە زمانێکی تر. وەرگێر دەبێ هاوتای هەموو پەند و دەستەواژە و ڕێکەوەند و ئیدیۆمەکان لە زمانی دووهەمدا بزانێ و بیدۆزێتەوە، چونکە ئەوانە وەرناگێڕدرێنەوە و بە وەرگێڕانەوەی وشە بە وشە زۆر بێ مانا دەبن و هیچ مەبەستێک ناگەیەنن. ئێستا پاراگرافێکی تر لە کتێبی میرزا کووچکخان دەخوێنینەوە:
با بە سەر و گوێلاکی گەڵایەکان وەرببوو . لە پەیکەری دارەکانی دادەڕنی و بە لەز بۆ لای گۆڕستانی دەبردن . زەوی پڕ لە گەڵای زەرد و ئەرغەوانی بوو. بای پاییز لە بەرزایی چیا سپی پۆشەکانەوە هەڵیدەکرد، لە بەژن و باڵای دارە رووتاوەکانیدەدا و بە ناو لک وپۆیەکاندالێدەهاڵایەوە. پەلە ویشک و ناسکەکان دوای کەمێ خۆڕاگری دەشکان.
گۆڕستان کپ و بێدەنگ بوو. گەڵایەکان بە سەرسامی بە ناو کێلی قەبرەکاندا دەخزین و تێوەدەکشان. جاروبار قاڵاوێکی تەنیا لە ئاسمانی خۆڵەکەوەی زەردەپەڕدا دەیقیراند و لەبەر تەمووڕەی بایەکە کلەی دەکرد. میرزا کووچکخان لاپەڕەی ١٦٣
ئەگەر بمهەوێ نموونە بێنمەوە دەبێ هەموو کتێبەکەتان بۆ بخوێنمەوە، بەڵام لەوە زیاتر درێژەی پێنادەم. حەز دەکەم خۆتان کتێبەکان بخوێننەوە و چێژی لێوەرگرن.
دیسانیش دەستخۆشی بە مامۆستا هێرش دەڵێم و هیوادارم دەیان کتێبی دیکە لە کانیاوی قەڵەمە بەبرشتەکەی داچۆڕێ و مەزرای ئەدەبی کوردی پاراو بکات.

# ئاری عەبدولەتیف



ڤێکدان و نووسان: زانا کوردستانی



کاک "ئاری عەبدولەتیف" کوڕی "ملا عەبدولەتیف باموکی" و "زکیە خانم"، شاعیر و ڕۆژنامە نووسی کورد، لە شاری هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان لە دایک بۆ.

ئاری لە ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانە و سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەیش بوە.

"ملا عەبدولەتیف" باوکی ئاری، لە نووسەران و رمیاران و پێشمەرگەکانی ناسراو کوردستانە.

## ❖ کتیبناسین:

ـ کتێبە ڕەشەکە ـ کتێبە قورسەکە ـ فارگۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی ـ زەردەنامەکانی ئادەم ـ کومەڵی شعیر ـ وەرزی نۆیەم ـ ئەلبوومی وەنەوشە ـ خەریکە هەناسەم لەبیر ئەچێ ـ فرین تا یەقین ـ گوڵ و کەواە ـ کتێبی شانزەهەمینی هەڵوژە ـ شمشێری عەتر و...

## ❖ نمانە شیعرەکانی:

ـ ١ ـ

هەمیشە لە سپێدەدا بووی
کەچی ئەمشەو
پێش ئەوەی بەیانی بێت
تۆ هەڵبووی

ـ ٢ ـ

دووربیت گرنگ نییە
مادەم وەک مانگ لە پشتی ژوورەکەمەوە
پیدەکەنیت
کەواتە نزیکیت

ـ ٣ ـ

یار لە هەنار ئەچێ
یان دڵی نییە
یان سەد دڵی هەیە...!

ـ ٤ ـ

وەک خۆر وابویت
تا هەوری دەوری بالاتی نەگرت
نەمانتوانی تێر سەیرتکەین

ـ ٥ ـ

جا با هەر نەتبینم
من سەیرتەکەم
جا با هەر دیار نەبیت
من بۆنتەکەم
جا با هەر ون بیت
بەردەوام من یادەتەکەم
جا با من بمرم خۆ تۆ هیت
لەو دنیاش بێ سۆراختەکەم.

ـ ٦ ـ

هیچ ڕێگەیەک
ناڕواتەوە سەر تۆ
ئەمەش دوا هەوالی
گەشتی هەوالەکانی ئەمڕۆ

ـ ٧ ـ

تەماشا
چەند شوشە عەترت گرتووە
تۆ شەڕ بۆ من ئەنێیتەوە
هرچی باخە هار بووە

ـ ٨ ـ

هێندە بیرت ئەکەم
گوڵی سەر کراسەکەی دایکم
بە تۆ ئەبینم.

ـ ٩ ـ

سوێند ئەخۆم بۆت لە باخی شار
جەستەت جوانتر میوە ئەگرێ
بینینی تۆ بەو جوانییە
نەک هەر زمان دڵیش ئەگرێ

ـ ١٠ ـ

خوایە بۆ وایە
تا یەکجار دێ هەزارجار نایە
یار دەڵێم.



## چەند کورتە شیعر لە ئیبراهیم هورامانی شاعر و ڕۆژنامە نووسی هەڵەبجەای



ڤێکدان و نووسان: زانا کوردستانی

ـ١ ـ

دەڵێن،
ئینسان یەکجار دەمرێت.
ئەمە تەنیا،
قسەیەکەو هیچی تر!

ـ٢ ـ

هەوا،
سارد نییە.
دڵی منە،
بووەتە سەهۆڵ!

ـ٣ ـ

وەرزەکانی ساڵ،
بەتۆوە،
دەبنە پێنج وەرز.
بەهار
بەهار
بەهار
بەهار
بەهار.

ـ۴ ـ

شار چۆڵە،
وەک دەڵێن،
کەس جێی کەس پڕناکاتەوە!

ـ ۵ ـ

پاییز،
لە ڕەنگی ڕۆشتنی تۆ دەچێت!

ـ ۶ ـ

ویستم پێبکەنم،
بەلای ڕاست و چەپی خۆما ڕوانیم،
کە تۆ نەبویت،
نەمتوانی.
وەک ئەو ناشارەزایەی،
کەمانچەیەکی دەدەنە دەست و
دەڵێن،
ئاوازی بژەنە؟

ـ٧ ـ

دڵی من،
هێندەی دونیاش گەورە بێت.
تەنیا،
جێی تۆی تێدا دەبێتەوە.

ـ ٨ ـ

بۆ ئەوەی،
ژیانم بگۆڕم،
بومە ئەندامی حیزبێکی چەپ.
بەڵام،
هیچ گۆڕانێکم نەبینی.
بومە بزنسمان،
بەڵام، هەر هیچ.
کاری زۆرم گۆڕی،
ژیانم،
هەروەک خۆی مایەوە.
دواجار، تۆمبینی و
تۆمناسی و
تۆمخۆشویست.
بەچەشنێ ژیانم گۆڕا،
وەک بڵێی
لە نێو دڵی تۆدا،
خۆشبەختیم حەشاردرابوو!

ـ٩ ـ

چۆن،
هەوا سارد نابێت؟
دونیا،
نابێتە شەختە؟
بەدوی تۆدا،
ئاسمان پڕ بووە لەهەناسەی ساردی من.

ـ١٠ ـ

لەوە گەڕێ،
دڵم بچوکە یان نا.
گرنگ ئەوەیە،
هێندەی دونیا خۆشمدەوێی.





### ❖ بڵاو کرپا:

کۆمەڵە شیعری ئیبراهیم هورامانی شاعیر و ڕۆژنامەنووسی کورد، بە ناوی ـ تو کە بروی، پاییز از در می‌آید! ـ لە ئێراندا لە لایەنی زانا کوردستانی، بە زمانی فارسی وەرگێڕاوە و بلاو بۆ.

ئەم کتێبە لە ١٠٠٠ قاب و ١٠۴ لاپەڕە لە لای ئینتشاراتی گەنجور تاران چاپ و بلاو کراو.

## کەشکەک



بوکان. علی حقیقی

فەقێیەک گێڕایە وە گوتی: لە خزمەت مامۆستایە ک دا دە رسمان دەخوێند ئێگجار زۆرخۆر بوو هەموو جارێ ئەوەندە ی دە خوارد نەی دەتوانی بە پێیان بچێتە وە بە سواری گوێدرێژ دە یانبردە وە!! هە ر ڕۆژێ فەقێیەکیش بۆ نەهارێ دەی بردە وە ماڵی خۆی ڕۆژێکی من بۆ نەهاری بانگهێشتنم کرد بە لام بێ خەبە رلە وە ی لە پێشە من دا فەقێیەکی دی بردبویە وە! من کە چاوە ڕێ بووم گوتم بابچمە دەرێ بزانم مامۆستا بۆ نەهات کە تە ماشام کرد یەوە بە سواری گوێ درێژیک دە یانبردە وە!! لێی چومە پێشێ گوتم قوربان ئاخر من تۆم دە بانگ نەکرد بوو بۆتە شریفت نە هاتی؟ پێکەنی گوتی : بە خوای فە قێ لە بیرم چو بۆوە! جارێ پێم بڵێ چتان لێناوە؟!گوتم ::قوربان کەشکەک. بزە یە کی هاتێ!!گوتی ئاووا! جائە گە ڕوایە سە ری کەرێ وەرگێرن کەشکەک سووکە!

لە: کتێبی بوومە میلیونێر

## چە رچی

عەجەمی چەرچی زۆردە هاتنە وڵاتی وردە واڵە و ترێ ومیوەیان بە یەکسم (کەر) وڵاغ دەهێنا ولە دێهاتی دەیانفرۆشت ؛جاروبار لێیان دەپرسین عەجەمە ئێوە زۆرهاتوچوی وڵاتی کوردەواری دەکەن هیچ کوردی دەزانن وفێربوون؟! ئەوانیش دەیانگوت؛:ها. دەزانم ؛؛ دەی باشە ئەگەر کوردی دە زانی ئەو وڵاغە ی پێتە ناوی چییە؟!!عەجەمە: کەر ئەڵبە ت ؛ بە لەهجە خۆیان ؛دەی باشە ڕویان لە جاشکەکە دەکرد و دەیان پرسی ئەدی عەجەمە بەو هەی دەڵێن چی؟ !!عەجەمە کەمێک مات دەبوو لە پاشان وادەکا. ئەوەدا خردە ؛خردە کەر دەبی!!

## بە ناوی بەرزت نووسەری باران



ساحێب. دەریا ئازەرپوور

چەندەمین جار بوو کە دیسانەوە پێداچوونەوەم بۆی دەکرد بەڵام هەر جار هەمان ڕەقەم بە دەست دەهات ، شێت ببووم وەک هەموو جارێک کە شتێکم نەزانی با تۆزێک لە دوورەوە سەیرم دەکرد کە بزانم لە کوێیدا کێشەم هەبووە و بە هەڵەدا ڕۆشتووم بەڵام سوودی نەبوو دەڵێی چبوو بە چەقی نەحلەتا ، حەل بوونی نەبوو.

پێنجەمین وەرەقە بوو کە ڕەشم دەکردەوە و هیچم دەستنەدەکەوت بڕیارم دا تۆزێک لێی بێستم یا خۆم بە شتێکی کەوە دەرگیر کەم بەڵام مەحاڵ بوو من مێشکم دەرگیری شتێک بێت و هەروا وێڵیکەم بۆیە جارێکیتر هەوڵمدا حەلی بکەم دیسانەوە بۆم حەل نەبوو

بە بێتاقەتی و شڵەژاوی قەڵەمەکەم بە سەر وەرەقەکەیدا دەهێنا و لە خۆمەوە شتم دەنووسی!

کوتووپڕ ڕێگە چارەیێک بە مێشکم گەشت ساکار بوو بەڵام وڵامی پرسیارەکە بوو!

مێشکم وا ڕاهاتبوو، ئەو ڕێگەیەی درێژ و پڕ پێچ و خەم و سەختی بێت جوابەکەیە بۆیە هیچ بیرم نەدەکردەوە مەسئەلەیێکی ئاوای بیرکاری بەو هەموو عەزمەتەوە بە شێوەیێکی زۆر ساکار و ئاسایی حەل ببێت

ژیانی ئێمەش هەر بەو شێوەیە زۆرجار ئەو شتەی بۆمان پێش هاتووە گەرچی لە ڕواڵەتدا شتێکی یەکجار سەیر و سەمەڕ و بە دوور لە بیر و هزرمان بووە.

بەڵام ئەوە تێڕوانینی ئێمەیە کە کێشەکانمان بۆ چارەسەر دەکات زۆرجار ئاسایی ترین ڕێکار و ڕێگەچارەکانن کە ئێمە لە کەلێن و کەند و کۆسپی ژیان ڕزگار دەکەن و ئەبنە بونیادنانی داهاتوویێک لێوڕێژی سەرکەوتن و بزە و خۆشەویستی.

کاتێک بەربەست لەسەر ڕێگاتە، یان بەربەستەکە هەڵگرە یان ڕێگای گەیشتن بگۆڕە، بڕیارت بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست ، مەگۆڕە!



## خاڵخاڵوو / ماڵخاڵوو "کفش دوزک"



پژوهشگر مصطفی بیگی "رودوس فەیلی" (شاعر ادبیات کودک کوردی). ئیلام

خاڵخاڵوو، نام حشره‌ای دوست داشتنی و بی‌آزار برای بچه‌هاست.
رنگ قرمز و فراوانی خالهای زیبای مشکی، بالهای سیاه و سر و دست و پای مشکی رنگ، ترکیب رنگ زیبایی، و جذابیتی دوچندان، ایجاد کرده و باعث شده که در میان سبزه‌زار جلوه‌ی زیباتری پیدا بکند.
به دلیل وجود خالهای مشخص فراوان، این حشره به نام "خاڵخاڵوو"، به معنای "خال خالی" معروف شده است.
کفشدوزک عاشق فتح بلندیها و قله‌هاست، چرا که در این نقطه به او حس پرواز، دست می‌دهد.
از همین روی، بچه‌ها، خاڵخاڵوو را گرفته، در کف دست می‌گذارند، دست خود را عمودی گرفته و همه‌ی انگشتها، بجز انگشت اشاره را مچ می‌کنند.
آنگاه، این چند بیت را می‌خوانند.
ابتدا با لحنی کودکانه، کفشدوزک را برای یکبار مورد خطاب میدهند و در حالتی ریتمیک و به گویش کوردی فەیلی "پەهلەیی" ئیلامی، می‌پرسند:

خاڵخاڵوو! خاڵخاڵوو!
ها دە کوو ماڵِ خاڵوو؟!

❖ معنی:

کفشدوزک! کفش دوزک!
کجا بار کرده، خانه‌ی دایی؟!

سپس از زبان کفشدوزک، خودشان جواب می‌دهند، که:

ماڵِ خاڵوو، بار کردگە
ماڵِ خاڵوو ئاش کردگە

❖ معنی:

خانه‌ی دایی، بار کرده
خانه دایی آش "آش پشت پا" پخته

در طول طی مسیر پرواز از کف دست تا نوک انگشت و پرواز کفشدوزک، باید مرتبا بیت دوم خوانده شود.
تصور کودکانه بر این است که در این صورت کفشدوزک، به خانه‌ی دایی اش میرود و از آش خورده و برایشان آرزوی سلامتی و مبارکبادی می‌کند.
امروزه، خواندن بیت و پراندن کفشدوزک، اغلب به شاه بیت:

ماڵِ خاڵوو بار کردگە
ماڵِ خاڵوو ئاش کردگە

محدود است.
شاید به خاطر تکرار "ماڵِ خاڵوو"، و مشابهت واژه‌گانی و همآوایی و ترکیب "ماڵِ خاڵوو" و " خاڵخاڵوو"، نام این حشره‌ی محبوب به "ماڵخاڵوو"، با حذف کسره از " ماڵِ خاڵوو"؛ نیز فراگیر شده است.
بازی کودکانه‌ی فوق "زاڕوو وازی / زاڕوو وازەکی"، در میان ایلات کورد فەیلی شمالی "معروف به ایلات کوردەکارە" معمول است و در ایل کورد "کوردەلی" جنوب استان نیز، این نوع بازی ـ سرگرمی وجود دارد.
تنها تفاوت آنها در نام کوردی کفشدوزک و شعر آن است.
در لهجه‌ی ایل کورد به "خاڵخاڵوو/ ماڵخاڵوو"، "ماڵهاڵوو" میگویند.
یادآور میشود که "ح" در برخی گونه‌های کوردی یا حذف میشود و یا به "ک، هـ ڤ، ۆ، ڤە... " تبدیل میشود.
شعری که در میان کودکان کوردەلی، خوانده میشود به شرح زیر است:

تازی تازی
ماڵِ هاڵوو بار کردیێە
هەڵەکوو مەن ڤ جا

❖ معنی:

تازی، تازی "یک تکرار احتمالا بی معنای کودکانه"
خانه‌ی هالوو "دایی" کوچ کرده
و برای برافراشتن سیاه‌چادر، "هەڵەکوت/ هەڵەکوو" را؛هم با خود برده‌اند.
توضیح:

هەڵەکوو، هەڵەکوت، نوعی چکش چوبی است که برای موارد مختلفی به کار میرود.
شاید "هەڵە" در این ترکیب از "هەڵپەڵە، هەڵەپەڵە" به معنای عجلەای آمده باشد و "کوت، کوو" نیز، از مصدر "کوتان/ کوبیدن"

❖ نکته

❖ نوسازی فولکلور

در میان طوایف ایل کورد که در منطقەی اناران و پهلەی زرین آباد ساکنند، این تک بیت به شکل زیر تغییر یافته است:

ماڵِ هاڵوو بار کرد
چییە ڤەرِ عمارە
رێیی نییە،
مەر ڤِ تییارە

**معنی:**

خانەی دایی بار کرد
رفت به العمارە
از اینجا به آنجا راه دسترسی وجود نداره
مگر با طیارە

**نکته**

در این شعر، دو نکتەی فوق العادە وجود دارد
١ـ١ ـ استفادە موسیقی کلامی و وزن درونی و ریتم ؛ به جای وزن عروضی، که در شعر عامەی کوردی و حتی فارسی، تا آنجایی که بندە اطلاع دارم، مسبوق به سابقە نیست
دقت؛نمایید:
ـ*ـ ـ ـ ــ ـ شش هجایی
*****ـ * هفت هجایی
**** ـ **ـ* هشت هجایی
یعنی شعر، در هر سطر به صورت پلکانی، توسعە پیدا کردە
موضوع دیگر قالب نزدیک به یەخشتی کرمانجی و یا نزدیک به قالب وزن پهلەوانی یا به قول متاخرین فهلویات "پهلەویات/ فەیلیات/ فیلیات" که اخوان ثالث آنرا، خسروانی، منسوب به دربار خسروان ساسانی میدانست، نامیدە است.
این شعر از سە سطر تشکیل شدە که با قالبهای غالب شعر کوردی کودکانە "تک بیت ؛ یا همان بەیت، دوبیتی، تورِە یا مثنوی هجایی، متفاوت است و بجز در کوردی کرمانجی، البته با رعایت وزن کامل هجایی، در میان سایر کوردها، کاربرد خود را از دست دادە است.

**٢ـ ١ـ کاربرد مفهومی**

نکتەی حایز اهمیت در این شعر، تغییر قالب فولکلوریک آن و وارد کردن یک فضای اجتماعی و سیاسی در شعر است.
٢ـ٢ـ١ـ اجتماعی
وارد کردن نام عمارە، حاکی از یک رخداد اجتماعی مهاجرت گستردەی کورد فەیلی از پهلە به مرکز و جنوب عراق و شهر العمارە، برای تجارت و کارگری است.
کوردهای فەیلی عراقی و ایلامی مهاجر در این شهر، یک هستەی قوی تجاری را، ایجاد کردند، که به همین دلیل در قالب اجرای پروژەهای تعریب "تغییر هویت و عربی سازی" و انفال "نسل کشی"، اخراج بیش از ٧٠٠ تاجر و... مورد ستم شدید واقع شدند.

**٣ـ٢ـ١ـ سیاسی،**

این شعر، به نوعی معنا و مفهومی سیاسی را نیز در خود مستتر دارد و آن بی اعتنایی به مرزهای سیاسی بین دو کشور ایران و عراق، از سوی کوردهای فەیلی دو سوی مرز است و دلبستگی آنها به ملیت و قومیت واحد و مناسبات و مشترکات قومی فیمابین است تا قوانین و روابط بین المللی و بین دولتها.
در این شعر، این حس به کودک القا میشود، که بدون داشتن گذرنامە و... به راحتی و همانند یک کفشدوزک، این حق را دارد که از ملک پدری "باوان، باوۆن" خود در پهلەی ایران، به خانە و ملک دایی اش "خاڵووان، هاڵوۆن"، در عمارەی عراق برود.

**نتیجە:**

با توجە به مواردی که گفتە شد، از هر دو جهت فرم و وزن و معنا، میتوان گفت که اینگونە رویکردی در ارایەی خوانشی نوین و امروزین از شعر فولکلوریک، در ادبیات شفاهی کوردی، حداقل ادبیات کودک، مسبوق به سابقە نیست و یا حداقل من سراغ ندارم.
این شعر را میتوان به عنوان یک نقطەی عطف در تاریخ ادبیات کوردی، در تمامی کوردستانات، برشمرد.

اسامی دیگر خاڵخاڵوو
در میان کوردهای فەیلی ئیلام

ماڵهاڵوو بارکەر
خاڵو ماڵو
خاڵوو ماڵوو؛ ماڵ باوکت بار کرد
خاڵی ماڵی
خاڵی ماڵی؛ ماڵ پیبیا بار کرد
مالاڵوو
خاڵی ماڵی؛ ماڵ پیبیا بار کرد

## تفال با کفشدوزک

در میان برخی از طوایف کورد، نوعی تفال نیز با کفشدوزک زده می‌شود.
در میان آنها، به کفشدوزک "جووجووماڵخاڵوو"؛ جووجوو خاڵخاڵوو، نیز اطلاق می‌شود.
رسم است که بزرگان خانواده نیت خود را درِگوشی به بچه‌ای می‌گویند که در دل از سوی آنها نیت بکند، و یا دختران دم بخت نیز، به نیت باز شدن بختشان، به همراه همان کودکانی که ذکر شد، دور یک یا چند بچه‌ی دیگر، که سمبل دلپاکی و معصومیتند، حلقه میزنند.
کودک و یا کودکان وسط حلقه، یک و یا تعدادی ماڵخاڵوو را گرفته و شعر زیر را می‌خوانند

جووجوو خاڵخاڵوو ؛
ئەڵپەڕ
شەڕ و شووڕ، گشتێ لابەر
مزگانیی خاس بوەر
بەخت پیچیا؛ واز بکەر
معنی
کفشدوزک! بپر
شر و شور را با خودت بار بزن
مژده‌گانی خوبی را با خودت ببر
بختهای فروخفته را بیدار بکن
و نوک انگشت اشاره را به سمت بالا می‌گیرند و مرتبا این شعر را میخوانند، تا کفشدوزک و یا کفشدوزک‌ها به پرواز دربیایند و در صورتی که روی هر کسی که نیت کرده باشه، نشستند، نیت آن شخص و خانواده‌اش و یا دختران دم بختشان باز می‌شود.
و به بچه‌هایی که کفشدوزک را پرانده و یا کفشدوزک رویشان نشسته، مژده‌گانی می‌دهند.
البته در این میان، همه‌ی کسانی که در این حلقه هستند، به نوعی، تلاش و گاه جرزنی "دەیِن گەڕی، دەیِن مەگەڕی" می‌کنند، تا خود را در مسیر یکی از کفشدوزکها قرار بدهند و همین تلاش‌های شیرین کودکانه، به ملاحت این بازیِ آموزش بچه‌گانه، می‌افزایند.
این بازی ـ سرگرمی، که جنبه‌های آموزشی نیز دارد، پیوستگی عمیق فرهنگ کوردی را با زیست‌بوم، حفظ محیط زیست، و... را با افزودن بار معنوی به کودکان، از همان بچه‌گی، می‌نمایاند و در عین حال ساده‌گی و بی‌آلایشی آنها را به نمایش می‌گذارد.

❖ در پایان
با تشکر از همکارانم در بخش‌هایی از این پژوهش، برادران عزیزم "کاک کرم کریمی زاده در محل مورد مطالعه‌ی ایل کورد طایفه‌ی زرگوش "زەڕووش" آبدانان و نیز "کاک برزو کوردستانی ـ در مود مطالعه ایل کورد طایفه‌ی باپیروند آبدانان و دهلران"ـ مورد مطالعه‌ی اینجانب ایل کورد طایفه‌ی فرخ آباد "ریزوند زرگوش/ ریزەوەن زەڕووش"، سال ۱۳۹۵ شمسی، تهران.

❖ ـ توضیح یک:

❖ شعرهای این متن فولکلور و به گویش کوردی فەیلی "فیلی، فهلەوی، پهلەوی، پاڵەوی" سروده شده‌اند که ریشه در زبان پهلەوی "پهلەوانی" ساسانی دارد.
این گویش دارای دو شاخه‌ی زیر است:
ـ شاخه‌ی شمالی که به "کوردەکارە" یا "ئەرا ئەڕایانە" معروف است و مربوط به ایلات شمالی استان ایلام یا "ئەرا زوان"ها می‌باشد.
ـ شاخه‌ی جنوبی یا کوردەلی یا "ڤەرچە ڤەرچەیانە" یا کوردی پهلەای، که خاص ایل کورد جنوب استان ایلام و شرق دجله می‌باشد که به "وەرچە زوان" هم معروفند.
پهله، نام مرکزبخش زرین‌آباد، خاستگاه ایل کورد پهله‌ای "کوردەلی/ کوردلو" است که یادگار ایالت مهم باستانی ایران ساسانی، "پهله" استکه شامل زاگرس میانی و شرق دجله و بغداد و تیسفون، پایتخت پانصد ساله‌ی ایران ساسانی بوده است.
در آن زمان عراق کشوری عربی نبوده و هنوز هم کوردهای فەیلی در عراق عربی، یک اقلیت اکثریتی و مهم به شمار می‌روند.

❖ لهجه‌ی شمالی کوردی فەیلی یعنی "کوردەکارە" یا "ئەرا ئەڕایانە" احتمالا مخفف "کوردشبانکارە" و بازمانده‌ی نام ایل بزرگ کورد شبانکاره‌ی ساسانی باشد که آن را مرکب از "شبان/شوان/ شۆون/ شڤان +کارە" و نیز "شاهان کارە، شوهان کارە، شوهۆ کارە" می‌دانند.

ـ توضیح دوم

ـ پهلەی باستانی به گسترەای شامل زاگرس میانی تا بغداد بوده که چند صد سال مهمترین بخش از ایران ساسانی و پایتخت آن به شمار می‌رفته و در دوران عباسی نیز از این اهمیت برخوردار بوده به نحوی که المهدی‌بالله "سەی مەی" در ایلام فوت می‌کند و در همین شهر دفن می‌شود و بارگاه وی، در محل پارک کودک کنونی، در سال ۱۳۴۸ و ظاهرا به دستور شیخ مراورید، تخریب می‌شود.
ـ پهله، هنوز هم پسوندی برای نام ایل کورد یا کوردەلی است و برگرفته از نام شهری کوچک است که مرکز بخش پهلەی زرین‌آباد در شهرستان دهلران و خاستگاه ایل کورد پهله و از مراکز مهم پهنەای تاریخی است که به نام "صفحەی کورد" معروف است و شامل جنوب استان ایلام بوده است.
هم‌اکنون نیز آثار تاریخی متعددی از جمله قلعەی "شیاخ/ شاخ" در نزدیکی پهله که در دل یک تپەی محصور میان یک رودخانه و دره احداث شده و گویا مربوط به دوران ساسانی است و نیز آثار زیادی که در شهر میمه دیگر شهر ایلواندان کورد که همجوار پهله قرار دارد که باز هم مربوط به دوران ساسانی و صدر اسلامند، بیانگر اهمیت این منطقه به عنوان مرکزیت پهلەی باستانی ساسانی است.

ـ فەیلی "فیلی" مخفف "فهلەوی" و آن معرب "پهلەوی" یعنی اهل ایالت پهلەی ساسانی است.
اعراب در ابتدا پهله را معرب و به "فهله" تبدیل کردند و سپس ترجمەی آن به معنی "جبال" را،به کار بردند که معنای "کوهستان" می‌دهد.
پهله، در کوردی برگرفته از "پەل، پەهل" به معنای "سنگ بزرگ، سنگی، صخرەای" است و "رۆیە پال" به معنای "کمرکش کوه" است و "پەلان، بەرد پەلان، دار پەلان" در کوردی، نام یک بازی با سنگ است.

ـ توضیح سوم
در نوشتن رسم‌الخط، برخی به جای "ۆ" از "ۊ" استفاده می‌کنند.
ولیکن به پیشنهاد استاد کامران رحیمی و انستیتو کوردی زانست به سرپرستی ایشان، اینجانب از "ۆ" استفاده می‌کنم، چون بجز در مواردی بسیار محدود که خاص لهجەهای گویش‌های جنوبی است، "ۊ" همانند کوردی سورانی کاربرد دارد و نیز محدودیت‌های نرم‌افزاری بین‌المللی برای نوشتن معطوف به استفاده از "ۆ" است نه "ۊ".



بروجرد. زانا کوردستانی

ـ ۱ ـ

تۆ موسا بوی
و ئەمن بنی‌ئیسراییل
هەر دەقیقە
بیانگەتم ئەگرد

ـ ۲ ـ

وردە وردە پێخەنینەکانت
مۆجزە بۆ
وا لە ئیبراهیم و ئیساشم
بەر نەهات!
ئاڵمیگی زیندو کەرد.

ـ ۳ ـ

باوەشت لە گەڵ مالی خوا
تەنها یەک فەرقی هەس
هۆو مالە هەزارا هەزار زائری هەس
وە باوەشت غاری حەرایە موحەممەدە!

## ژانی دەمزەو



سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور

تاکوو ئـــــازادی بە جەستەی نیشتمانا ڕێڕەوین
ڕێ گزینگ بێ یان تریفە هەر دەڕۆین و بێخەوین


ئێمە کانگای بەرخۆدانین،تووڕەدەدین شەوگاری تار
کێ لەبۆ کازیوە ئەمرێ بێگومانین سەر بەوین

پەنجەکانمان بــــۆ شکانی یەکتری نایێـتە گۆ
واین لەسەر ڕێکەی نەیاران، ئاسنین، کوتکین، چەوین

بیرە چەوتیش تێک ئەدەین خۆ، گەر لە خۆ بێ یا لە دژ
بەرخی ئـــازادی بەرێوەن پڕ لە ژانی دەم زەوین

تاکوو کەنگێ عەقڵ و ئاوەز هەر نەکا چینە لە ڕۆح
تا سنوور و سینگی ئاوات، ڕێکەوین با نەسرەوین

# پرم لە هیچ



هەولێر. ئیمان یادەوەر

شەونییە یەک دونیا موراق لەگەڵ خۆمدا
نەخەوێنم
پێم دەڵێن :بیرمەکەرەوە
کەچی بیر لە بیرنەکردنەوەش دەکەمەوە..
هێند ، پڕبوومە لە هیچ
ئیتر پووچیش جێی منی تیانابێتەوە
دەمەوێت لەبارەی بێکەسی یەوە بدووێم
ڕوخسارێک نابینمەوە بێدەنگیم بشێوێنێت
هەموویان یەک پارچە
تابلۆی نیگەرانی و بێتاقەتیم پیشان دەدەن
پێنووسەکان لێرە بۆ مەرگ نووسینەوە
دەژین
ئێمەش بۆ ژان.
ئێمە بەڵێنمان داوە بە کاڵکردنەوەی
جوانیەکان ڕابگەین
ڕۆژ نیە گوڵێک بەدەستی پاسەوانەکانەوە
سەرنەبڕدرێت
ئاااى!! لە ئێمە چەندە بلیمەتین
بۆ بریندارکردنی پەپولەی خۆشەویستی
چەندە ترسنۆکین بۆ ژیانکردن

پێم بڵێ: ئەرێ چی دەزانین جگەلە
خوێکردن بە برینەکانی یەکتریدا
جگەلە کوژاندنەوەی چرایەکانی،
سەر ڕێگەی یەکتر؟
نا تۆپێم بڵێ: کەی بوو کۆتاجار پێکەنین؟
پێم وانیە بیرت بێت!!
ئیتر وای لێهاتووە هەمووامان
شەڕبەتەنهایی بفرۆشین و
دەوار لەناو باخچەکانی غروودا هەڵدەین
لێگەڕێ باهەڕوابین
بۆ گەیشتن بە دڵێکی میهرەبان
دەبێت
دەیان دەستی نامەرد بگووشیت
تەوقەی سەدان بەرژەوەندی خواز تێپەڕێنیت
بژماری سەد ڕێگات لەپێ ڕاچێت
لێم مەپرسە دەردت چییە؟
(تەنیایی و هەزار عەیب)
دەردێک و هەزار دەرمانی ساختە
گۆرانیەک و کولانەوەی هەزار برین
خۆزگەیەک و هەزار چاوەڕوانی
هاوڕێیەک و هەزار دڵشکان
خەندەیەک و هەزار گریان
ژیانێک و سەدەیەک مردن

سەختتر بڵێم
ئیتر حەوسەڵەی دەردە دڵیشت نەمێنێت
کلیلی ناوەوەت ئێوارانێک لەسەر دیواری
باخچەیەک جێ دێڵێت
ئیتر دەرگەی دڵت لەهەمووان دادەخەیت
چونکە تۆ گەیشتووی بەجێگەیەک
دەبینیت ،
نە دڵێک ماوە گوێت بۆ بگرێت ، نەدەردێک
هەیە لەحیکایەتی تۆ بچێت
سەختریش لەمە جێ هشتی ئەو هاوارانەی
دەیکوتن بەهەزرتا
وەکوو ژەهر بە دەمارەکانی لاشەتا دەرژێت

گەرانەوەت بۆ ژیانە جەنجاڵەکەی دەورت
یەکەم شت بیرت بکەوێتەوە
خۆڵەمێشی دڵی دایکت ، کە لەمێژە
لەپشتی کوپێک چای ئێوارانەوە
گوێت بۆ دەنگی هەناسەی نەگرتووە
پیری وەکوو باڵندەیەکی شووم هات و
لەسەر دەستەکانی نیشتەوە
تا چاومان کردەوە
قژی سپی کرد و لۆچی خستە گۆشەی
چاوەکانی
هەر لۆچێک بوو بەخەنجەرێکی کول
بۆ برینی جەرگمان

تەمێک لەسەر شانی چەپی باوکتە
لەناو ئەم هەموو ئازارە
بۆنی مردنی لێ دێت

دەنگی مردن
هێڵێکی ڕەشی ناحەزی لا وێنە
وەک جادەیەکی ڕەشی تازە دروستکراوی
قیری گەرم
دڵ و ڕۆحمان دەسوتێنێت

چەند سەختە
لە ڕۆژگارێکی بەستەڵەک و ساردوسڕدا ،
شتێک لەناوەوت بکوڵێت
خراپتر بڵێم
کەس برینی ئەو سوتانە نەبینێت
ڕەنگی جلوبەرگ و سپێتی ددانەکانت
فریوویان بدات
چاوەڕێن ساتێک دڵخۆشبیت و
تانە لە بێ باکیت بدەن.
یانی چی ئەوانەی پێیان دەڵێین دۆست!
ژەهری ئیرەییان نەهێڵێت شەوێک
بەئاسوودەیی سەرت بخەیتە سەر سەرین؟

تۆ بمبورە ئەمەت پێ دەڵێم
بۆ ئەوەی نەبینە قەقنەس نەچارین ئیتر
ئومێدەکانمان لەپشتی دیوارێکی بەردینەوە
بشارینەوە
بە نهێنی دڵخۆشبین و خۆشەویستی بکەین
ئاخر!! مرۆڤ ترسناکە ترسناک
تۆ بیستووتە پشیلەیەک بیری لە تاوان
کردبێتەوە؟
پێم وانیە ئازیزم
هیچ ئاژەڵێک ئەوەندەی مرۆڤ پەلاماری
ژیانی نەداوە
خۆ ئێمە لەم زبڵدانەی تەمەنمان
تاڵی تێئەپەڕێنین، ژەهر دەچنینەوە
تاڵی
وەکوو پاڵەوانێکی دۆڕاوی ناو ئەفسانە
جەنگیەکان
خۆمان شمشێر و هەرخۆشمان سەربازێکی
بریندارین
هەندێک جار دەڵێم :
خۆزگە زەوی ڕۆژێک بەتوندی دەپژمی و
منی لەدەم و لووتیەوە هەڵدەدایە
هەسارەیەکی تر
بۆچی نا..؟
کەخەریکە بۆنی کراسەکەی دایکیشمان
بیربچێتەوە
ڕەنگەکان نەناسینەوە
تەنانەت وەرزەکانیش لەکاتی خۆیدا
ناگەڕێنەوە
ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی زەوی پیربووە
خەریکە ژیان بەگۆچان دەڕوات
من دەمەوێت دووربکەومەوە و
هیچ کەس دەستی پێم نەگات
وەک کۆرپەیەک لەسکی دایکیدا
بپووکێتەوە
سەرێکم و هەزار (سەر)لەناخما بونە بە
پرسیار
گومانێکی ڕەش خەریکە وڵامەکان دەخوات
(تاریکی ژیان سەر لەئێوارە دیارە)
پێم مەڵێ؛ ڕادێی.
تاکە ڕاستیەک ئەوەیە من هێشتا لێرەم
وەکوو گرییەکی ترسناک بەناو هەناوی
ژیانەوە نووساوم..
کێ دێت بەشمشێرەکەی دەستی بمبڕێت؟
ئەفسوس.. ژیان زۆر درێژەی کێشا..
هێشتا لەمەترسیدام
من هەرلێرەم
هەر لێرە
دوور لە چاوەکانی تۆ.



## بۆ شاعیری نەخوێندەوار و کلۆڵ:
## خاڵە مچەی بێتووش (شاعیرە شوانە) بە ناوی دەفتەری بێ خەت

گووندی دولکان.سەردەشت. سابیر بێتووشی

رەنجی بێ گەنج و ناڵەی هەژاریت
بێبەشی گەل و نەخوێندەواریت
زام و ناسۆری جەور و ژێر دەستی
نیری زۆردار و بێگار و پەستی
داخی بە ناخی تۆوە شوێنەدار
هۆ خاڵە مچەی شاعیری بێدار
ئاکامی ژانی هەناووت خاڵە
دەبونە کۆرپەی شێعری چاوکاڵە
ناسکتر لە گوڵ شۆختر لە رەعنا
زاخاوی شەماڵ ئاونگی نەعنا
جوان و نازەنین وەک جوانی باران
گەشاوە و بە تین وەک سیمای یاران
نیشانەی زادەی زێدی رەنگین
پەروەردەی بنار و کانی شیرین
تاکو پێکانت لە رۆتن کەوتن
هەوار بە هەوار وەدووت دەکەوتن
ئەو دەمەی شەختەی مەرگ ئەنگاوتی
لەخامۆشخانەی گۆڕی پەستاوتی
هەڵبەستەکانت بێ ناز و نوایێ
بێ زمانی خامە و بەرگی پەڕایێ
نە خێرۆمەندی رەنگی بۆ رشتن
نە چاپەمەنی چاور بۆ رشتن
بێ کەس و بێ ماڵ لە بەر کەساسی
وا لە بیر کراون کەس نەیانناسی
ئەو داخەی بردتە ناو تۆیێ خاکەوە
ئێستاش لە گۆڕت دەنگ دەداتەوە
بێ خەم بە خاڵە لە پێخەوی گۆڕ
چیتر بێ هیوا نابێ چاوەنۆڕ
نەمرە نایەڵم هەستت بێ مەبەست
هەڵدەبەستم بۆت هەرزاڵەی هەڵبەست
تەیمانەی بێژان ریحانە و لاولاو
سوانە سێبەرەی لە گیابەند و خاو
یاد و ئەوینت بیکەن بە لانە
لە زەردە پەران بکەن جۆلانە

## جەژنی من



سەردەشت. خەمبار

جەژنی من رۆژێکە خوێنمژ ناوی لەو ناوە نەبێ
گیانی رۆڵەی ئەم گەلەی من گیری ئەو داوە نەبێ

چاوی خائین زۆرە بۆ تێک دانی ژین و ماڵمان
من بە شەو دووعاوەکەم سا چاوم لەو چاوە نەبێ

خاکی من نیسکی دڵی بۆ برایی و یەکریزی گەرەک
دابڕان پشتی شکاندین لێرە بەم لاوە نەبێ

هەر وڵاتی ویستبێ رزگاری بێ لە ژیانی تاڵ
نایە رزگاری مەگەر ئەم پرگری و پڕ تاوە نەبێ

راپەڕە ئەی لاوی نازدار بێرە مەیدانی شەرەف
با چێدی دوو چاوی دایکان خوێنی تێزاوە نەبێ

هەڵکە باسکی ناسکت ئەی کیژی جوان نشتیمان
چۆن دڵم قوربانی باڵا و بەژنە لاولاوە نەبێ

تۆی نەبێ کوا دێ نەجاتی ئەم وڵاتەی خاکە سار؟
هەستە تۆش شایی گەرم کە، با ئەم گەڕە خاوە نەبێ

بوومەلەرزەی خوێنمژانی ئەم گەلەی بندەست ئەتۆی
خۆری رووناکین دوو چاوت نابێ ئەو تاوە نەبێ!

هەر بە خشپەی توندی داوێنت جنارن دوژمنم
هەی بە فیدای چاوە کانت ئەو خەمەم ماوە نەبێ

جیا لەوەی بوونت نەریتی کۆنی ئەم رێگایەیە
بوونی تۆ جوانی دەبەخشێ بەو بەن و باوە نەبێ؟

چەشنی جەژنە شۆڕشێکی تۆی تیا بەشداری کەی
بێرە تۆ بێرە گوڵی من چی تر ئاژاوە نەبێ

مات و خەمگین دیارە لێمان خاکی باوک و دایکمان
بۆیە وا دەخوازێ خەمبار هەرچی نەشیاوە نەبێ

## بیرهاتنەوە



هەولێر. سەعدوڵلا نووری

تێنەگەیشتم ئەم بەیانییە
چی بوو بیری هێنامەوە
دوابینین و دوا دانیشتن
دوا چاخواردنەوەو وێنە گرتن
دوا میوانی و خوداحافیزی
دوا... دوا...دوا...
هەرلەدوای ئەو ڕۆژەوە
گەڵای خەمی دیتنەوەی تۆم
لێنابێتەوەو
چاتەکانی ماسنجەرو واتس ئاپ و تێلیگرامیش
نە بەرۆکم بەردەدەن و
نەسووکنایێم پێ دەبەخشن
نەتۆ لەگەڵ کرێوەدا
دێیتەخوارێ و ڕێم پێ دەگرێ
نە من دەرژێمە سەرابی
بیابانی جوانییتەوە
چ تابلۆیەکی پڕ ڕەنگە
ئەو سەرکێشی و سەر شێتییە!

## ئیجە!

بەکۆڵێ ماندووبوونەوە
بەپرێسکەیەک خۆزگەی ترساو
بەچەند پەڕەیەک قەسیدەی یاخی
راونراین و
پشت لەنیشتمان
خۆمان کردە ئەمانەتی
شەپۆلە تووڕەکانی دەریای ئیجە
تەنیا بۆ ئەوەی نەشێوێ
دانیشتنە شەوانەی پیاو ماقوڵانی شارو
نەزرێ خەویش
لەچاوانی فیرعەونەکان
راونراین و ڕاونراین و راونراین!!

## خەوی عیشق!

تەمەنێکمان لەگەڕەکی هەژاریدا
غەریبانە بەرێکردو
تۆ بۆجارێ نەهاتییەوە
تا بێرەدا پەیڤە کوژراوە یاخییەکان
بەسەر شانی خەمباریا
ببەینەوە ئەو کۆڵانەی
پڕاو پڕبوو لەسۆز
لەپاکیی!
ئاخر لێرە ڕێگا درکرێژەو
من لەتۆدا وجودی خۆم دەبینمەوە
هەرکاتێ کە
فەنابوون بەرۆکم دەگرێ!
وەرە وەک مناڵیی
لەسەر بانی تاریکەوە
هەر خەریکی ژماردنی ئەستێران بین
تا لەباوەشتا
خەوی عیشقم لێدەکەوێ!!

گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا

## خۆشەویستی هە وینی ژیانە ـ ٣ ـ



سەردەشت. کەماڵ ئازەری




گە ر لە بیرتان بێت، پێشتر باسی بینا و ساختومانێکمان کرد؛ کە لە شەش «تاق و تبەقە» و «ستون و کولەکە» پێکهاتبووو....

[ ١ ـ بنە ماڵە ٢ ـ قوتابخانە ـ و زانکو ـ ٣ ـ کومەڵگا ٤ ـ باوەڕەکان ٥ ـ ئابووری ٦ ـ دە سەلات ]

لە بینا و نهومی هەوەڵ دە ست مان پێکرد کە بنە ماڵە و خۆشەویستی یە؛ کە درێژەی هەیە...

❖ ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا ـ الإسراء/٧٠ ـ

سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا ـ بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە ـ هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی جۆراو جۆر بەهرەوەرمان کردوون ـ لە خۆراک و پۆشاک و ماڵ و ناوماڵ و.. هتد ـ بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون ـ لە هەموو ڕوویەکەوە، تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن ـ.

❖ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ـ الروم/٢١ـ

یەکێک لە نیشانەو بەڵگەکانی تری ئەوەیە: کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لایداو لە نێوانتاندا خۆشەویستی و سۆزو میهرەبانی فەراهەم هێناوە، بەڕاستی ئا لەو دیاردانەدا نیشانەو بەڵگە هەیە بۆ کەسانێک بیردەکەنەوەو تێدەفکرن.

❖ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ... ـ بقره/١٨٧ ـ

ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان،

نامەی ژنێک بۆ هاوسەرەکەی!!

ـ پێویستە هەموو ژن و پیاوێک بیخوێنێتەوە ـ

ژنیەتیم داوەتە دەست تۆ تکایە ناشیرینی مەکە، ماڵی باوکم لە بەر تۆ بەجێهێشت تا وەکو نیوەی ئیمانەکەم تەواو بکەم؛ ئێستا لە گەڵ تۆ دەژیم هیوادارم وەک دایک و باوکم مامەڵەم لە گەڵ بکەیت ئاوا بە سۆز و میهرەبانیەوە.

ڕەنگە کێشەش بکەوێتە نێوانمان بەڵام هیوادارم بەیەکەوە چارەسەری بکەین، نەهێڵین کەس تەداخولی کێشەکانمان بکات!

کە تورە بویت دە نگم بە سەر دا بەرز مەکەوە و بە دڵی خۆت لێم بدەیت... نا ئەزیزم لێدان بۆ مرۆڤ نەهاتووە وە پیاوەکان دەست لە ئافرەت بەرز ناکەنەوە، ئەوانەی وا دەکەن نێرن نەک پیاو!!

با جارێک خواردنەکەشت بە دڵ نەبێت یان ئامادەم نەکردبێت، بە هۆیی هۆکاری کەوە بێت سەر کۆنەم مەکە هەوڵبدە هۆکارەکەی بۆ ڕون بکەمەوە، لە هەر تورە بوونێک مەڵێ هەستە بڕۆوە ماڵی باوکت، من تازە ماڵەکەی تۆ بە ماڵی خۆم دەزانم وا بە ئاسانی جێی ناهێڵم!!!

چی تیایە جار جار گوڵێکم بۆ بهێنەوە یان دیاریکی بچوکیش بێت ئەو کات خۆشەویستیمان زیاتر دەبێت، یان بڵێ خانمە کەم ئیمرۆ با بەیەکەوە پیاسەیەک بکەین بە یادی دەزگیرانی ئەو کات هەستدەکەم گرنگم لات.

کاتێک میوانمان هات لە ناو خزم و دۆستانە مەمشکێنەوە ئەگەر کێشم هەبوو کە ئەوان ڕۆیشتن بڵێ خانمەکەم ئەوەت هەڵە بوو تاوەکو منیش دوبارەی نەکەمەوە.

ڕەنگە هەندێ جار بێتاقەتی دامگرێ و بگریم جا لە بەر ماندوویەتی بێت یان کەم دەربڕینی خۆشەویستی تۆ بێت یا بە هۆیی نەخۆشی یان بیرکردنی دایکم و باوکم بێت چی تیایە دڵ نەواییم بکە و بڵێ خانمەکەم چەند ناشیرینی کە دەکری بەس پێکەنینت لێ جوانە، فرمێسکەکانم بسرەو بڵێ من لە ناخۆشی و خۆشیەکان پشت و پەناتم، وازم لێ مەهێنە تا زردەخەنە دەخەیە سەر لێوەکانم.

جلێکم لە بەر کرد کە بە دڵت نەبوو وا بڵێ کە پرسم پێ کردی چە بپۆشم مەڵێ بە دڵی خۆت بکە من دەمەوێ بە دڵی تۆ بم!


وابکە هەمووکات هەست بە گرنگی خۆم بکەم تا گرنگی بە تۆش بدەم و بەیەکەوە جوانترین ژیان دروست بکەین هەموو خەڵک چاو لە ئێمە بکات و ببینە دو نمونەی جوان بۆ منالەکان و کۆمەڵگاکەمان.

لە کۆتای هیوای ژیانیکی خۆش و نەبا بۆ هەموو هاوسەران دەخوازم.

ـ وەرگیراو لە پیج اینستاگرام



## کورته پێناسەیەک لە ڕۆمانی




(دەریاس و لاشەکان)

سەقز. شەماڵ ئیسماعیل پوور

ئەم ڕۆمانە لەو کارە پڕچێژانەی بەختیار عەلی یە کە وەکوو زۆربەی ڕۆمانەکانی‌تری مەستی و وشیارییەکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێت . بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا پڕژاوەتە سەر بابەتی شۆڕش و شۆڕشگێڕی مرۆڤی ڕۆژهەڵات. دەیەوێ بڵێ مرۆڤی ڕۆژهەڵات بەردەوام بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێ و هیچ باوەڕێکی بە خۆی و تواناکانی خۆی نییە. پێیوایە شۆڕش لێرە دەرگا لە سەر سەردەمێکی تازەی خورافات دەکاتەوە. باس لەوە دەکات کە هەموو ڕۆشنبیران ناتوانن هێندەی نیوەی مەلایەک کاریگەرییان لەسەر خەڵک ببێت . بە چەمکی شۆڕش دا شۆڕ دەبێتەوە و دەڵێ شۆڕش ناکرێت تا خورافەتێک، ئەفسانەیەک یان دینێک خەڵک نەجووڵێنێت.خەڵک یەکێک مەزن دەکەنەوە و دەیخەنە خزمەت شۆڕشەوە . ئاوڕ لە بیرۆکەی "خودا مردی" نیچە دەداتەوە و دەڵێ خەڵک نەزانن و لە سەر زەوی بۆخودایەک دەگەڕێن و چونکە نەبوونەتە مەزنە مرۆڤ ، دەبێ ئەو خودایە بدۆزنەوە . بەراوردێک دەکات لە نێوان شۆڕشی گەلانی ئورووپا و ڕۆژهەڵات و دەڵێ کە شۆڕشی ئەوان بۆئازادییە و هی گەلانی ڕۆژهەڵاتیش بۆ ئەخلاقە. دەڵێ وابەستەیی کوشندەی مرۆڤی ڕۆژهەڵات بە ئەخلاقە . ئەوسا دێتە سەر کۆیلەبوونی مرۆڤی ئێرە و سوژدە بردن بە بەشێک لە ژیانی مرۆڤ دەزانێ و دەڵێ کەسێک ڕۆژێ پێنج جار سوژدە بەرێ، ئیتر بێ سوژدە بردن هەڵناکات. لەوە قوڵتریش دەبێتەوە و دەڵێ سوژدە بردن بەشێکی گرینگی سیاسەتە . بەختیار عەلی پێیوایە لە ڕۆژهەڵات کەس باوک‌کوژی ناکات و بەڵکوو باوکان بە مردووییش هەر دەمێنن و دەسەڵاتدارن .لای وایە لێرە تەنیا شتێک کە شۆڕش دەیگۆڕێ سەرۆکەکانن. لە کاتی ڕاگەیاندنی ڕۆژی یەکەمی شۆڕش دا بەردەوام باسی ئەو ئاسنگەرانە دەکات کە دێن و شوێنی تایبەت دروست دەکەن، ناڕاستەوخۆ وەبیرهێنەرەوەی ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەرە .بۆ نیشاندانی زۆتر بوونی هێز و هێژموونی مردووەکان و نیشاندانی مردووپەرەستی لە ڕۆمانەکەدا شۆڕشگێڕان هێرش دەکەنە سەر گۆڕستان تا بێڕێزی بە مەزاری سەرکردە کۆچکردووەکان بکەن. جەنگ هەمیشە بەشێک لە ژیانی خەڵکە . دەڵێت لێرە شتەکان یان وێستاون یان لە جەنگدان . لە زمان دایکە سەجادەوە دەڵێ : لێرە خەڵک تا نەمرن تێناگەن بە زیندوویی چ بەشەرێکی نەفام و بێ‌مێشک‌بوون. بە پێچەوانەی ڕۆڵی ئورووپا کە چاخانەکان بوونە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕێنسانس، لێرە چاخانەی داشهارە دەبێتە ناوەندی شۆڕش و بنکەی سەرەکی بڕیاری شۆڕشگێڕان . ئەلیاسی شۆڕشگێڕ کە دەبێتە سەرکردە چیتر ئەو پیاوە ڕۆح سووک و لەبەردڵانە نامێنێ و دوای ماوەیەک دڵڕەق و توند و تیژ دەردەکەوێ. لە لای هەردوو لایەنی جەنگ مردووەکان بێ خێر و بێ کەڵک چاولێدەکرێن و تەنیا بۆ گەورە نیشاندانی براو و عەقیدەی سەرکردەکان وەک شەهید ناودەبرێن. نووسەر پێیوایە کە لێرە بەردەوام مێژوو دووپات دەبێتەوە و هەموو شتەکان هەمان شتی پێشوون و تەنیا شتی تازە ڕوخساری مردووەکانە. دەڵێ لێرە تەنیا دین و سیاسەت حوکم دەکات. مەترسی بۆ هەقیقەت لێرە هیچ گرینگ نییە و تەنیا ئەوە گرینگە کە وەهمەکان نەکەونە بەر مەترسی. لەجەنگی هەقیقەت و وەهمدا سەرکەوتن هەمیشە بۆ وەهمە. دەریاسێک کە نازانێ دایکی بنێژێ و لە بەر غەریبی و لە خەڵک نەگەیشتن دەبێتە مامۆستای مردوو ناشتن و هاودەم بوون لە گەڵ لاشەکان هەڵدەبژێرێ. لێرە دەسەڵات بە عەقڵی عەوامەوە بسراوەتەوە. هەموو شتەکان بۆ سیاسەتە و تەنانەت شەهیدبوونیش ئەو سێحرەیە کە هەقیقەت بە بەر درۆکانی سیاسەتدا دەکات. دەریاس زوو زوو چاویلکەکەی دەسڕێ، وەکوو ئەوەی بەردەوام بەرچاو ڕوونی بۆ گرینگ بێ و بیهەوێ هەقیقەتەکان ببینێ و بەپێچەوانەی ئەلیاس کە چاویلکەکەی ناسڕێ و هەمیشە وەکوو سۆڕشگێڕێکی نەگۆڕ دەمێنێتەوە.شۆڕشگێڕانی ڕۆژهەڵاتی جەنگاوەری ئیمانن و دەریاس وەکوو جەنگاوەری ڕۆشنبیری لای وایە کە لەم چەشنە شۆڕشانەدا هەردوولا لە بازنەیەکی بۆشدا دەسووڕێنەوە و جگە لە لاشە هیچی دی تیا بەرهەم نایەت . لە بەشی دوو برا لفەدوانەکەدا (ژنراڵ و براکەی) زۆر جوان ئاماژەی بە فریوی شۆڕش و قارەمانپەروەری کردووە. بەختیار عەلی پێیوایە کە جەنگی لەم چەشنە قەت کۆتایی پێنایە و هەر بەردەوامە و شەری بەدر و ئوحود و کەربەلا وەکوو نموونە دێنێتەوە. جەنگاوەرانی نیو ئەم ڕۆمانە بەردەوام وەدوای تارمایی دەکەون و شەڕ بۆ سەرکردە تارماییەکان دەکەن و.......



سەردەشت. هێمن تەنیا

چۆن دەتوانی دڕ بە تۆ بێت
ئەو کەسەی جارێک بدبینێ
چۆن دەتوانی چاوت لێکا و
دڵی لە لای خۆی وەمێنێ

چۆن دەتوانی پڕ بە دڵی
خۆشی نەوێی، هەستت نەکا
چۆن دەتوانی دوای ناسینت
هەموو دەم یادی تۆ نەکا

چۆن دەتوانی ئاوری هەستی
دوا ناس کرن ژیلەمۆ بێ
کوانێ ترپەی دڵی دەتوانێ
بە هێواشی و لەسەر خۆ بێ

ئەو جار تەواو شەقامی شار
گۆشە گۆشەی تۆی لێ دیارە
خۆشیەکان دەبنە ئاپۆرە
کاتێک لە تۆی نیە نیارە

تۆ بڵێی چەندە بەختەوەر بێت
ئەوەی دائم تۆی لەلایە
ئەمن دەڵێم ژیان بێ تۆ
کوێرە ڕێیە و لابەلایە

خەونێک تۆ تێدا ئەکتەر بی
تێیدا دەمێننەوە داوێژ
مەسڵەت ناکرێ بە هیچ
کەسێک
بێ مەعنایە بەحس و ڕاوێژ

بێ تۆ کوا خەو، کوا ئارامی
کوانێ بۆنی قژی خاوت
کوانێ دەستی گەرم و نەرمت
کوانێ تیشکی گەشی چاوت

هەر چۆنێک بی، بێ بەهانە
ئەو دڵەی من تۆی ویستووە
کاتی ناوێ خۆشەویستیت
وەسفی جوانیتی بیستووە

شەو کاتی ئارامی دڵە
بێ تۆ خشتوور و وێرانە
ئەو هەستەی تۆم پێ ناسیوە
لەگەڵ خۆم بۆتە بێگانە

هەر چۆنێک بی، بێ بەهانە
بە بژانی تۆم ویستوە
نێوبانگی جوانی و زێوەرتم
لە نێو چیرۆک دا بیستووە

ئەوجارەیان زۆر بە چڕی
دڵم ئەویندارت بووە
بێجگە لە تۆ دەروازەکەی
لە گشت مرۆڤان بەستووە

شەو کاتی ئارامی دڵە
کە تۆ نەبێ وێرانەیە
هەست و دەروون دور لە تۆ
لەگەڵ خۆشم بێگانەیە

ئەدی کوانێ ڕاوچی باوەش
کە وا تێ بکەوم لە داوێ
نێچیرێکی بێ پەنام و
من بۆخۆم دێم بەرەو ڕاوێ

هەستم دەمێکە خامۆشە
بریا تۆ گڕی تێبەردەی
بریا جارێک ئەویندار بی
دەست لە دڵ ڕەقی بەردەی

بریا ڕۆژێک بێت و بڵێی
ئازیزەکەم خۆشم دەوێی
بڵێی کەسم نەکا بڕوێ
من لێرەم و تۆ بۆ لەوێی؟

## ئاسۆی نیگات



بۆکان.هیدایەت ئازەری (خەمبار)

تۆم وەکوو هێمای ژیانم خۆش دەوێ
تۆم دەوێ تاکوو ژیانم دەست کەوێ

تا هەتا تۆ لەو دڵەمدا جێت هەیە
وەک نەهێنی سەر بەمۆر ماوی لەوێ

سیمی بسکت ماسی هەستم ڕاو دەکا
عاشقی ڕاستی دەبێ باجی بووو‌ێ

دەی لەکۆشکی خۆشەویستیت چاوەکەم
دەعوەتم کە بۆ ژوان کاتی شەوێ

هەر وەکوو ماسیم لە نێوە زەریای دڵت
ژین ودڵداریم بەبێ تۆ قەت نەوێ

چاوەڕا ماوم لە بۆ ئاسۆی نیگات
تا نەیەی قەت خەم لە دڵما نارەوێ

تا ئەبەد هەروایە ڕەسمی دڵبەری
عاشقی سووتانە قوربانی ئەوێ

کێش: فاعِلاتُن، فاعِلاتُن، فاعِلُن
هێما: – U—/– U—/– U–

## بەخت



سەقز. بەفراو

ئەمشەو دایکم وەک منداڵی
قژی بۆکردم بەشانە
هۆنیەوە بەلای لایە،
گوتم :دایە،تکام وایە
بابێگۆڕین ئەوهەوایە
بەڵگەم ڕوون وئاشکرایە
بەختی کۆرپەت لەخەودایە!


# سەفەری بێگەڕانەوە



سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی



ڕووناک، عومەر، گەلاوێژ



ئارش و عومەر





ون بوویەک کە بە (نەرمین)
ناساندیان پێمان و پێش بینینی
گومانمان دەکرد (گەلاوێژ)ی
خوشکم بێت، (نەرمین)
لەدەوروبەری شاری بانە دەژیا

بە (گەلاوێژ)ی خوشکم پێشکەشە، کە لە کۆرەوی ۱۹۹۱ی خەڵکی باشوری کوردستاندا ونبوو، تەمەنێکمان لە سۆراخیدا بەرێکردو هیچ ئەنجامێکی نەبوو، تەمەنێکە لە خۆر هەڵاتنەوە تا خۆر ئاوابوون دایکم دەرگای ماڵەوەمان دەکاتەوە بەو هیوایەوە دەژی لە ناکاو بێتەوەو خۆیبکاتەوە بە ماڵدا.
یەعقوبەکەم لە چاوەڕوانی یوسفدایە کە بێتەوە

❀❀

بێپەروا بەناو ژوورەکەدا لە هاتووچۆدابوو، وەک جەنگاوەرێکی تێک شکاو دەهاتە بەرچاو، ڕەنگی لە گەڵای زەردی درەختەکان دەچوو، ئەو گەڵایانەی بەدەم بای خەزانی پایزەوە هەڵدەوەرین، پاکەتە جگەرەکەی گیرفانی هاودەمێکی ئازیزو خۆشەویستی هەمیشەیی بوو، دەستی کرد بەگیرفانیداو پاکەتەکەی دەرهێنا، نیگای لە حەشاماتی سەر شەقامەکە بڕی و مژێکی قوڵی لە جگەرەکەی دەستی دا.
لەبەر خۆیەوە دەدوا ئای غەریبی، ئەی نیشتمانە تەنیاو وێرانەکەم تاکەی بەیەکتر نامۆبین، بۆچی وەک خێڵێکی گەرۆک هەموو دەمێ بۆ هەوارگە خامۆشەکان بەرێوەبین.
لە بەردەم پەنجەرەکەدا ڕاوەستاو چاوی بڕییە ئاپۆرای ئەو حەشاماتەی بەسەر شۆستەکانی ئەمبەرو ئەوبەری میوانخانەکەدا لە هاتوو چۆدابوون، هەستی بەلێڵی چاوەکانی کرد هەربۆیە چاویلکەکەی چاوی داگرت و چاوەکانی پاککردەوە و کردییەوە چاوی، تەماشای ئەو پەڵەهەورانەی دەکرد کە بەئاسمانی شاردا بلاوبوبونەوە، هەندێک لەو پەڵە هەورانە زۆر سەرنج ڕاکێش بوون یەکێک لە پەڵە هەورەکان لە سەری داڵێک دەچوو لە لاشەی جیاکرابێتەوە، پەڵەیەکی دیکەیان لە نەخشەی وڵاتێکی لەت لەت بوو دەچوو.
هەورەکان لە جوڵەیەکی بەپەلەدا بوون، پۆلێک مەلی کۆچەری سەرنجیان ڕاکێشا، وەلێ بەهێمنی ملی ڕێگای هەواری نوێیان گرتبووە بەر، وێنەی ئەو باڵندە کۆچەریانە ئەو ساتانەی دەهێنایەوە یاد، ئەو ئێوارەیە، هەورێکی چڵکن بەری ئاسمانی تەنیبوو، مانگ وەک کچە عازەبێکی شەرمن، لەنێو تەم و غوباردا وندەبوو، خەڵکی شپرزەو سەرلێشێواو شاریان چۆڵدەکردوو ڕووەو هەوارێکی نادیار کۆچیان دەکرد، لە سوپایەکی بەزیو دەچوون، خۆیان تەسلیمی قەدەر دەکرد.
ئەو ئێوارەیە بەربانگیان نەکردەوە، ئەو جلانەی کە بۆ جەژن کرِیبوویان، لەگەڵ هەندێک نان و خواردەمەنی کە بەشی چەند ڕۆژێک بکات کردیانە ناو گوێنییەک و تارا دای بەکۆڵیداو لەگەڵ خزم و دۆستاندا ملی ڕێگایان گرت، ئەو ڕێگایەی لە شارەوە دەردەچوو بەرەو مەنزڵێکی نادیار ملی ڕێگایان گرت، تارا کچێکی باریکەلەی باڵابەرزی تەمەن بیست و حەوت ساڵان بوو، کچێکی شەرمن و گۆشەگیر بوو، بەردەوام خۆی دوورە پەرێز دەگرت لە کەسانی دەوروو بەری و زۆر بەکەمی تێکەڵی دەوروو بەری دەبوو.
وەلێ هەستو سۆزێکی بێوێنەی هەبوو بەرانبەر بەکەسانی خێزانەکەی، بەبچوکترین ڕووداو دوچاری شپرزەیی دەهات، وەلێ ئەو ئێوارەیە پتر لە هەموو ڕۆژانێکی تر هەستی بەنیگەرانی و دڵتەنگی دەکرد، تا ئەو ساتانەی شاریان بەتەواوی بەجێ هێشت و ماڵئاواییان کرد ئەم بەردەوام ئاوڕی بۆ دواوە دەدایەوەو نیگەرانی گەڤەری برای بوو، گەڤەر بڕیاری دابوو لەگەڵ پێشمەرگەکانی برادەریدا بەرگری بکەن و بەرەو ڕووی هێزەکانی دووژمن ڕاوەستن، تارا بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت:
گەڤەر دەکوژرێت، دایە ئیتر گەڤەر نابینمەوە، ڕۆی گەڤەر ڕۆی.
دەنگی کەسێک کە لە ژوورەکەی تەنیشتیدا نیشتەجێبوو بەئاگای هێنا، ڕوانینی لەسەر پەڵەهەورەکان گواستەوە نێو ئەو خەڵکەی بەبەردەمی میوانخانەکەدا دەرۆیشتن، لە دوورەوە سیمای کەسێک ڕایچڵەکاند. سیمای هەرلە سیمای تارا دەچوو، وەلێ ئەو عابایەی لەخۆیەوەی پێچابوو نەیدەهێشت بەجوانی ڕوخساری دەربکەوێت، بەپرتاو لە میوانخانەکە هاتەدەرەوەو چووە ئەوبەری جادەکە، چەندجارێک هاواری لێکرد....تارا....تارا...ت....ا.....ر..!!!!!!!!.
ئەوکەسانەی بەویدا دەرۆیشتن بەشێوەیەکی سەرسوڕمانەوە سەیری ڕووخساری دێوانە ئاسایان دەکردوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی پێبڵێن ڕوویان لێی وەردەگێرا، بێپەرواو بەسەر شۆستەکەدا کەوتە ڕاکردن، چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد، تارا...تارا گیان، وەلێ کەس ئاوڕی نەدایەوە گەیشتەپەنای و چمکی عەباکەی ڕاکێشا و بەهێواشی بانگی کرد.
تاراگیان بۆچی ئاوڕ نادەیتەوە، کاتێک ئاوڕی دایەوە، وەختەبوو دووچاری سەکتەبێت، تارا نەبوو، کچە تەماشایەکی ڕوخساری ژاکاوو زەرد هەڵگەڕاوی کردوو بۆ چەند ساتێک لێی ڕوانی وەلێ هیچی نەوت ملی ڕێگاکەی گرت و سات لە دوای سات پتر لێی دوور دەکەوتەوە، تەماشایەکی ئاسمانی کردوو نیگای لە خۆرهەتاو بڕی، ترپەی لێدانی دڵی زیادی کرد و چاوەکانی لە ئاسمان بڕیبوو لەهۆش خۆی چوو.
ڕۆژنامەکان نووسییان، کەسێک لە خیابانی....ی دووچاری سەکتەی دڵ هاتووەو هیچ ناسنامەیەکی پێنییە، تەنها وێنەیەک لە گیرفانیدا بینراوە وێنەی خۆی و ئافرەتێک، هەرکەسێک دەیناسێت پەیوەندیمان لەگەڵ بگرێت بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی.

بەهیوای سۆراغ و دیدار



سەردەشت. ئەوین ڕەحمەنی

هەرچەندی دەکـەم نایەتە سەر زار و زمانم
پێشـوازی بکەم، هـاتنی نەوبووکی خەزانم
هەر ڕۆژێکی دەنوێنێ وەکوو لاپەڕی شێعرێ
هەر باسی گەڵایەکی تەواو دەفتەرێ دەگرێ
چی ڕەنگە، وەرهاڵاوە لـە یـاڵ و قەدی پاییـز
شەرمێونە، بێ نازە، وەکوو بووکی لەخەو زیز

❋❋

هاوین کە هەناسەی سڕی تێکـەڵ بە سەباکرد
پاییـز لە چیـاکان مژی سەرکەوتـنی داکـرد
بولبول لە ژیان زیـز و کپ و مات و خەمۆکە
گوڵ ژینی بەرەو بایە، سەر و سینگی لە چۆکە
هەر لاخـڕ و شیـوێ پـڕی باپێچی گەڵایە
هێلانە لە سەر پۆپ و چڵێ ڕوو لـــە فەنایە
گەزتوویەتی شەختە گـوڵ و لابسکی بنـــاران
تێکچۆ وە هەموو کۆشک و قەڵای شاهی نزاران
تۆزی خەفـەتی گرتووە سەر ڕوومەتی لاولاو
قـــژیان دەڕنی شەونم و بێـــژان و گیاخـــاو
سەوزایی لە ڕوو مەرگ، پەل و شانی نەوی بوون
تۆف و ڕەشەبای شوومی، لە ناڵینی خەنی بوون

❋❋

ئەی پاییز ئەتـۆ هەڵگـری ئەسراری خـەزانی
سەت ڕازی نەگوتـراوە لە سنـدووقی ژیـانی
ئەی وەرزی لە ناکاو و پەشێـو، گوێ گـرە تاوێ
ئەم دەرد و کوڵـەم تۆزێ لە دڵ بێـنە دەراوێ
پێم بێـژە لـــە من بـۆچی سەراپا نیگـەرانی
ئاوێتە بـە ژینم بـووە، سەت خـۆفی نیهـانی
دەستی ڕەشەبای شـووم و پـەلاماری نـەزانی
دڵمی بە " خـەزا " گـرتووە گەردوونی شەڕانی
نەمدیوە لە خۆم زەردەخەنێکم لە دەم و چاو
ڕووناکی بەرەو ژووری سـرم هەڵگرێ هەنگاو
ساتێکی بە چـرکەش نەبوو دڵـخۆشی ببینم
نەیگـرتووە یەک پیـتی ئـەوین لاپەڕی ژینم
ئەی خوایە دەبێ ڕۆژێ بگۆڕێ حەز و هەستم
جێ بێڵێ خەفەت ناخ و دڵێ شێعر و مەبەستم
گەردوونی گەڕۆک تابەکەی ئەم شیوەن و ناڵە
ژین چەندی بکەم شادی لە دڵ شوێنی بە تـاڵە



سەقز. شلێر ڕەشیدی

خۆم ناگرم
نوقمم لە ژێرابی تاریک
پڕم لە بۆگەنی وێستان
لێوەکانم سووتان بە نەوتنی ئەو هێڵانەی سوورن
ون بووێکی پشت دیوارەکانی یاسای دەسکرد
چەقم بەستووە لە نێوانی ئەو شەربەتەی
بیری تۆی تێکەڵ کرا
ئێستە نەخۆشێکی بناوبێری وەرهەم هەڵێناوم
لە شێوازی شاعیرێکی ڕەش خواز
حەزم لە سەفەرە
خاڵی سوور ببەزێنێ و
زەرفێکی پڕ لە فڕین ببمەوە بۆ بێچووەکان
قەفەس هەموو وڵاتی گرتوە
بلیتێکم دەوێ هێڵ بەزێن ئەویش سوور
بچمە پیشانگەی ئەو ئازادیانەی زیندەبەگۆڕی وڵاتن
بیانکەمە بووک بیانڕازێنمەوە بە جلی شین
هەموو باغچەکان پڕ ببن لە باڵ
زمانم ببێتە فەرماندە هەرای شەڕ بکات
دژی ئەو نیگا ڕەنگ پەڕیوانەی
تەنیا سنوور زاوزێ دەکەن و ئیتر هیچ
بلیتێکم دەوێ ترووسکە بباریێنێ بە تامی شەراب
من لە نێو چاوەکانت دا لەتر بدەم و
هەموو ئەو واژۆیانە هەڵوەشێنینەوە
کە باڵمان تێدا وەری و بێ دەربەست ناشتیانین
حەزم لە مەزەی هەڵفڕینە بە تامی کاکەشان
لەوێ سنوور لە نێو تۆفانی قەدەغەدا خنکابێت و
وانە بێژ تەنیا ئارامی بڵێتەوە



## مامۆستا هێمن و یاد کردنەوە لە بیرەوەریەک

بانە. قادر خدرزادە



لە نووسراوەیەک دا لەبرادەرێک بە ناوی کاک سوارە ئاواو خوێندوە کە لە ساڵی هەزار و سێسەد و هەشتاوو چواری هەتاوی سەردانێکی مامۆستای پێشمەرگەو هونەرمەند محەممەد جەزام لە شاری سلێمانی کرد ، کورد وتەنی کە لە مەجلیس دا دانیشتی قسە قسەی دێنێت و باسی مام هێمن شاعیری میللی کورد کرا، کاک حەمە جەزا فەرموی با شتێکت لە بارەی خۆم و مام هێمن بۆ بگێڕمەوە ، گوتم فەرمو ، گوتی مامۆستا هێمن سەردمێک لێرە ( واتە سلێمانی) بوو لە لای ماڵی ئێمە ماڵە کۆنێکی بە کرێ گرتبوو منیش لەوێ دەچوومە خزمەتی ، بە بیرم داهات کە وەکو هەموو خەڵک داوەتێک و بانگ هێشتنێکی بکەم بۆ ژەمێک نان خواردن، بەڵێ ڕۆژێکیان کە هاتمەوە بینیم کە باوکم هێندێک گۆشتی جوانی هێنابۆوە ، ڕووم لە دایکم کرد و گوتم دایە بۆ ئەم ئێوارە مامۆستا هێمن بانگ هێشتنی سەر خوانی ئێوارەدەکەم، دایکم وتی زۆر باشە، پێوویستە بلێم من کوڕی حاجی عەلیم ، بچوومایە هەر شوێنێک کە دەیانپرسی ئەوە کێیە دەیانگووت چۆن، ئەوە کوڕی حاجی عە لی سلێمانییە ، هەتا وای لێهات و دونیا وا خولی خوارد کە من شێعری پەپوولەی خۆشەویستی مامۆستا هێمنم بە مەقام گوتەوە ، ئەوە بوو لە سەرتاسەری کوردستان دەنگی دایەوەو ئەو جار وەک هونەرمەندێک ناوبانگم دەر کرد، تاوای لێ هات باوکم بە منەوە دەیانناسیەوە ، کە دەیانگووت ئەوە کێیە ، لەوڵا دا دەیانگووت ئەوە باوکی هونەرمەند حەمە جەزایە. بەڵێ ئەوە بوو مامۆستا هات و لە پشتەوەی دیوەخان دانیشت و دەستی کرد بە پێچانەوەی توتن و پەڕە، باوکم کە هاتەوە و مامۆستای بینی بە بێ سڵاوو چاک و چۆنی خێرا چووە بن مەدستی مامۆستاوەو قۆلی گرت و گوتی منداڵەکانم چارەڕەش مەکە و یاڵلا بۆ دەرێ، ئەوە بوو هەتا دەرەوە بردی و هاتەوە ، منیش بە نارەحەتیەوە دوای کەوتم و گەیشتمە مامۆستا و گوتم مامۆستا بە ڕاستی ڕوو زەردی ڕووتم و شەرمەندەی هەتا هەتاییتم، مامۆستا فەرمووی خەمی ناوێ مەعەممەد ئەمن لە ژیانم دا هەتا ئێستا هەروا دەرکراوو و دەربەدەر و ماڵ بە کۆڵ بووم و ئەمەیانیشی با لە گەڵ بێ.

جاگەلۆ کورد وتەنی کلاوێ دانێ و وسڵاوی لێ بکە، لەوەی گەڕێ کە باوکی حەمە جەزا چەندە پیاوێکی نزم نەفس بووە چونکە کورد بەوە مەشهورە ئەگەر دوژمنیش خۆی لە ماڵی هاویشتبێ ئەو پڕی قەدرو ڕێزی گرتووەو میوان داری کردووە، بەڵام داخی گرانم ئەوە دەردی هەموو کۆمەڵگای ئێمە یە، کەسێکی وەکوو هێمنی مەزن لە پێناو کوردوستان و نیشتیمان پەروەری دا ماڵ و حاڵی دەڕوا و هەتا دەمرێ لە چنگ دژمن کوناو کونێ دەکات و ساتێک ناحەسێتەوە، یەکێکیش بە تەقەی زار و بە هەوانتە لە وشەی کوردایەتی نانی لێدەخوا،

هەر کوردێکی خاوەن هەست کە تەنیا ئەم بیرەوەریەی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو مەحەممەد جەزا بخوێنێتەوە بە بێ شک خەمێکی قورس دێتە سەر دڵی. هێمن شاعیر و خەم خۆری گەل بوو بە ڕاستی ، وەک بۆ خۆی لە وت و وێژ لە گەڵ بولبول دا لە شێعرێک دا خۆی وەک ئەو دەشوبهێنێ و دەفەرموێ :

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەکو تۆم وەها دورم لە هێلانەو گوڵی خۆم
منیش هێلانەکەم لێ کراوە خاپور منیش وەک تۆ لە کیسم چوو گوڵی سوور

لە کۆتایی دا وێڕای سری ڕێز و نەوازش دانەوەندان بۆ هێمن و بێژەری مەقامی پەپولەی خۆشەویستی مەحەممەد جەزا، ئاواتم ئەوەیە کە لە تەمەنی خۆم دا ببینم کە ڕوپەری کێبی قوتابیەکی قوتابخانەی کێژ و کوڕان بە وێنەی مامۆستا هێمنی موکوریانی ڕازابێتەوە و لە سەر گۆڕی پیرۆزی بە ئامادەبوونی ئاپۆڕای کوردانی کوردوستان گوێڕایەڵی دەنگی مەحەممەد جەزا بین کە سرودی بووکی ئازادی مامۆستا قانیع و پەپولەی خۆشەویستی مام هێمن دە خوێنێتەوە ، هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی پیرۆزیان.

ئەوکات ئەختەری مەهابادیش ئەم شێعرانە بخوێنێتەوە :

ئەختەر ئەی کیژۆڵەی چاومەست ئیلهام بەخشی شێعری پڕ هەست
شێعریت دەوێ لە منی پیر لە منی پیری گۆشە گیر
شێعرێک خۆناوەی باران بێ شێعرێک سرتەی دڵداران بێ
شێعرێک بریقەی خەنجەر بێ شێعرێک سەنگ چنی سەنگەر بێ
نرکەی سینگی کرێکار بێ ئاڵای شۆڕشی جوتیار بێ
ئەوکات بۆ سوۆکنایی رووحی نیشتیمان پەروەری هێمن :
کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەش بەڵەک ..................

## هاوەردی



نووسەر: ئێمیلی برۆنتی
وەرگێڕ: سەعید سەلیمی بابامیری

نابێ دەست لە ئومێد بەردەن
تا ئەستێران شەو بەجریوەن،
تا شەونمی بێدەنگ دەرژێ و
تا بەیانیان هەتاو هەڵدێ و
نیشتمان زێڕوەشان دەکرێ.
نابێ دەست لە ئومێد بەردەن
گەرچی فرمێسک دێتە گەردەن.
خۆشەویستی ساڵ و حاڵت،
جێی هێشتوە دڵ و ماڵت!؟
باشترین ئاواڵی ژین بوو؟
بۆ هەتاهەتایە ون بوو؟
ئەمانەش وێڕای تۆ دەگرین، دەبێ وا بێ:
کاتی هاناس هەڵکێشانت زریان لە بانی زەریا بێ،
زستان بکا شینە بەفر و پاییز گەڵاکەی ڕژا بێ!
بەڵام ئازیز!
ئامانە دەبوژێنەوە،
هیچیان قەت ناکوژێنەوە.
جا چارەنووسی من و تۆش
شاد یان پەرۆش
خۆش یان ناخۆش،
بەم شتانەوە بەسراوە
لە تا و پۆی گەردون دراوە.
کەوایە ڕێبواری ژین بە
لە باخی هیوا ئاژین بە.

## Sympathy



Emily Bronte

There should be no despair for you
While nightly stars are burning;
While evening pours its silent dew,
And sunshine gilds the morning.
There should be no despair, though tears
May flaw down like a river:
Are not the best beloved of years
Around your heart for ever?

They weep, you weep, it must be  so;
Winds sigh as you are sighing,
And winter sheds its grief in snow
Where Autumn's leaves are lying:
Yet, these revive, and from their fate
Your fate cannot be parted:
Then, journey on, if not elate,
Still, NEVER broken-hearted!



## شرۆڤەی پەندی پێشینیان

بۆکان. سەعدەدین خوسرەوی

پێوەندی نێوان مرۆڤەکان سەرەتایە بۆ بەدیهاتنی ژیانی کۆمەڵایەتی.
ژیانی بەشداری و پێکەوەبوون، پێویستی بە یاسا و ڕێسا، سەبر و سنوور و بەقەولی قدیمیان (دار و لەلە)هەیە. بۆ دارشتنی بنەمای بەهێزی دۆستایەتی، شریکایەتی و زۆرینەی مامەڵە و پێکهاتەکان، لێک تێگەیشتن و ڕوانگە ناسین پێویستە . ژیانی کۆمەڵایەتی دارماڵە لە کەند و لەند و خۆشی و ناخۆشی و تاڵی و شیرینی. زۆر خۆشە، هەموو ئەرک و تەقەللایەک، کۆتایی و ماندوویی بە تامی شیرینی بسڕێتەوە. شوێن و کەلێنی نا و نابێ بە پوانی ئەرێ و دەبێ پڕبێتەوە.
*"عاقیبەت بە خێربوون،" بەرزەدۆعا و وتەی پڕواتا و بە نرخیی باس و خواسی کوردەوارییە. چەباشە ئاکامی بڵێن و بڕیار بە چێژی ڕەزامەندی و ئاشتەوایی داکوژێ! بەمشێوە، متمانە و بڕوا بە یەکترمان بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەرجەوەندی ژیان نەتەنیا زیاتر، بڵکە پڕشنگدار و بەپێزتر دەبێت.
پێشینیان ئێمە پێمان دەڵێن:

### شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان

هەرکات ویستمان بۆ بەدیهێنان و دامەزراندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکی ژیان هەنگاوی بەشداربووانە هەڵێنین، هەتا بەرهەم و قازانجی باشتر لە ژیان وەرگرین، پێویستە پێش دەسپێکی کار، هەموو قەول و قەرارداد و ویست و قسەی دڵیی خۆمان بۆ یەکتر ڕابگەیەنن؛ ئەگەر ڕا و بۆچوون و.... جیاواز هەبێ، واباشە بگوترێ و دوای هاوڕا بوون، سازان پێک بێت.
پێک نەهاتن باشترە لە پێکهاتەی نابار و نابەدڵ و بێ حاسڵ. لەدوای تەواو کردن و ئەنجامدانی هەرکارێ لە گەڵ هەرکەسێ، دەرئەنجامی کار، لەبەرچاوە. وا چاکە، هەست بە خۆشی و سەرکەوتن و بەهرەمەندی بکەی، نەک قڕە و زیزی و پەشیمانی و...
پێت خۆشە ببین بە دۆستی هەرمان
شەڕ لە شێف دەکەین، ئاشتی لە خەرمان.

شێف: سەرەتای خۆش کردن و دەسپێکی کێڵانی زەوی بۆداچاندن و....
دار و لەلە: دیاری کردنی قەرار و بڕیە و مەرج بۆ گرێبەست و شەریکایەتی و....

❋❋

### وتەی مانادار(کنایە)

*بۆز بەلەڕێ: ئەو کەسانەی لە خۆبایێ و بەدعیەن، کاتێ ڕووی ڕاستەقینەیان دەردەکەوێ، کە تووشی نەداری و لێکەوتن و داماوی بن. ئەوکات باش دەناسرێن و...
*کار لە کار ترازاوە: کارێک کە چاوەڕوان نەکراو ڕوو بدات. و گەڕانەوەی بۆ سەر جێگەی خۆی ئەستەم بێت.



گۆڤاری ئێلێکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا



سەقز. فەریدەکاکی

نەخێر بڕۆ کە من ئیتر بیرت نا کەم
هەزار خەفت لەدڵتا بێ ژیرت ناکەم

نەخێر ئیتر ئاڵۆزاوی چاوانت نیم
دیلی عەشق و وێڵی نیگای حەیرانت نیم

نەخێر بۆ تۆ دڵم ئیتر گریان نابێ
گرفتاری هەستی نێوان گڕکان نابێ

هرچی بۆ تۆ ئەسرینم ڕژت ئیدی بەسە
هەستی دڵم لەتاو خەمت نێو قەفەسە

ژینم لای تۆ ژان کێشانێ پڕ لە خەمە
هەرچی لە تۆ و لەعیشقی تۆ دوور بم کەمە

بەڵێن ئەدەم هەرگیز نەڵێم بەختم ڕەشە
لە ئاسمانی دڵی مندا هەتاو گەشە

ئیتر ئەڵێم خۆشتم ناوێ دە تۆیش بڕۆ
باوەڕ مەکە، خۆشتم ئەوێ هەرگیز مەڕۆ

خۆت دەزانی کە من شێتم، شێتی نیگات
شێعرەکانم چاوڕوانن لە سەر ڕێگات

## قۆچی ڕێ



مەهاباد. سید سمایل شاهۆیی

شاعیری سووتاو و زار و مەست و بێ پەروا منم
بولبولی باغی ئەوین و تەیری دڵ شەیدا منم


ژیلەمۆی دەوری شەمی پڕ تین و تاوی ئاگرم
تۆزی بەر بای گەردەلوول وسەر لەسەر سەودا منم

عاشقی تافگەی ئەوین و شەوقی زێڕینی هەتاو
دوژمنی شۆفارەکان و چاڵی پڕ هەودا منم

ڕێڕەوی ئەستێرەکانی سەر بەداری سەربەرز
خاوەنی گڕکانی هەست وشێعری ناپەیدا منم

گاشە بەردی کێوی سەخت وقەڵبەزەی پڕ تاوی ئاو
شاندەری ڕێگەی ئەوین و قۆچی سەر ڕێگا منم

هۆگری تیشکی هەتاو و ڕۆژی ڕوونی ڕۆژهەڵات
دوژمنی شەویارەکان و شەوگەڕی یەلدا منم



بۆکان. سەید محەممەد ئەمین قورەیشی









## بابەت:هەڤپەیڤین لەتەک دوکتۆرفەرشیدیووسفی شاعرونۆسەروماموساى زانکۆ



زاراوە:کەلهوڕی

بەرهەڤکردنی:تاهیروەیسی( کۆچەر) ـ یاسین مولایی

**پرسیار:**ماموساگیان پێشەکی خوەدان ئەڕامان بناسنین

**ماموساییووسفی:** م فەرشیدیووسفی وە سی ویەک بۆشەپەڕ ساڵ ١٣١٨ی هەتاوی
وە مەیدان شارداری قەدیم کۆچەی یووسفی وەداڵگ بیمە ـ هەڵبەت چون ئەو کۆچە گشت فامیل ومەموو براو برارزا بیمن ناویشی هەر وە ناسنامەی ئیمە گردن ـ م باوگم نەیمە. خودا بیامرزێ داڵگم وبرای گەورام حاجی خان م گەورا کردن وەگشت بابەتێگ زەحمەت ئەڕام کیشان م ساڵ ئەوەڵ سەرەتایی وە کرماشان خوەنیم.
وە ساڵ دۆمەو وە خاتر حاجی خان برام ک ئەو کات بەرپرس ئدارەی فەرهەنگ گێڵان غەرب بی چیمە ئەورەو ساڵ دۆم تا پەنجم سەرەتایی وە گێڵان غەرب وشاباد خوەنیم و هاتمەوە کرماشان.
وەکرماشان دیپلوم گرتم وساڵ 48هەتاوی چیمەزانستگای ئەدەبیات فارسی ولیسانس گرتم هە وەوزانستگا درێژەدامە خوەنین و مەدرەک ئەرشەدگرتم وئەڕا دوکتۆرا ئمتەحان دام وقەبول بیم یەی ساڵ دوکتۆرا خوەنیم ک ساواک وە تاوان سیاسی ودژایەتی وەگەردرژیم گرتنەم و دی نەتۆنستم درێژە وە دوکتۆرا بیەم چەن ساڵ مەنۆە ئنقلاب پەنجاوهەفت بیمە ڕەییس دەبیرستان و وەئەورە درێژە دامە کار سیاسی ودژایەتی وەگەرد ڕژیم م ئەوەڵ کەسێگ بیم وەدەبیرستان عەکس شای ئێران هاوردمە خواروشکانمەی. وەداخ گرانیگەی دۆای ئنقلاب وسەرکەفتن ڕژیم ئسلامی وە دەبیرستان دەرکریام و تا چوارساڵ نەتۆنستم کاربکەم دۆای چوارساڵ وە دادگای تەیران حوکم بێ تاوانیم هات و درێژە وە دەرس وزانستگا دام وتۆنستم مەدرەک دوکتۆرابگرم

**پرسیار:**ماموسا ئیوە دوستایەتی وەگەرد شاعرڕەوانسەری میرزائەحمەد داواشی داشتینە؟

**ماموساییووسفی:** بەڵێ ئەوکات ک م ڕەییس فەرهەنگ پاوە بیم وەرجە ئنقلاب وەکرماشان چیام ئەڕا پاوە ڕووژێگ مینی بووس وسا وڕەوانسەر ک بەین ڕێ بی مسافرسواربکەی دیم پیایگ خوەشڕوی هاتە بان وەتە ڕاننده ک کەمێ بووسە تا ژنەمیش بای هە ئیجوو ک ژنەی هاتیا ئیەیش وە بداهە شێعروەباڵای وەتیا ڕاسیەگەی م فرە خوەشم وەڵێ هات.
وەشووخی پرسیم برا ژنەگەت باڵای کوڵە ئەڕا وەناوشێعرەگەت ئۆشی باڵابەرزەگەم.
دیم ئەویش وخەنینەو جواوم دا وەت: برا وەچەو ئیوەباڵای کوڵە ئەڕا م باڵابەرزە و کەس چۆئەو باڵای بەرز نیە ئی دوو قسە بیە هووی ئاشنای ئیمە ودووستایەتیمان تا وەختێ وە پاوە بیم هاتیادە لام ومنیش سەردانی کردیام وەختێگیش هاتمە کرماشان وبیمە ڕەییس دەبیرستان حەکیم نزامیش هە هاتیا سەردانم کردیا یەی ڕووژ ک م وەدەبیرستان نەوم میرزا هاتوە سەردانم و بان بەڵگەیگ شێعرێگ ئەڕام نۆساق ک هێمرای ئەو شێعرە دێرم

**پرسیار:** ماموسا وەتنە ئیوە کەسێگ بۆنە ک نەهیشتینە گڵکۆی سەردار یار موحەممەدخان کرماشانی خراو بکەن بۆشین ئەڕامان داستان چە بی

**ماموساییووسفی:** ڕاسیەگەی م وەساڵ چل هەتاوی یەی دەورە پرسیاروجواو لەبارەی ژیان سەردار جەمەوکردم چیامە لای پیرەمەردەیل ئەو زەمانە ک دەوران سەردار چشتێگ ئەڕا وەتن داشتن هەوەی شێوە زیاتر وزیاتر هۆگر کەسەیەتی سەردار بیم تاچەن ساڵێگ دۆای شوڕش پەنجاوحەفت قەورسان قەدیم کرماشان خراو کردن وتواستن وە جای دەرمانگا درووس بکەن پەیمانکار وئەندازیار ئەو پرۆژە ئاقای تورک زوانێگ بی منیش وەی دەرفەتە ئسفادە کردموو چیمە لای ئەندازیار.
وە ئەورە ک زانستیام تورکەیل فرە ئحترام ئەڕا باقرخان وسەتار خان دانەن وەتمە پێی ک سەردار یار موحەممەدخان هاوڕەزم وڕەفیق گیانی سەتارخان بیە و حەڤدە مانگ ئەڕا تەبریز شەڕ کردیە وەی قسەی منە ئەندازیار قەور سەردار خراو نەکرد و چەن ساڵ دۆای ئەوە خانمێگ هات و سی ملوین تمەن خەیرات باوگی داپێم ک خەرج قەورەگەی سەردار بکەم وە منیش ئی کارە کردموو قەور سەرداریش وە جای خوەی مەنەو

**پرسیار:** ماموسا تا ئیسگە چەن کتاو نۆساینە وچ کارەیل ئەدەبی ئەنجام داینە

**ماموسا ییووسفی:** م زیاتر وە سیزدە کتاو وە زوان فارسی و هەشت کتاو وە کوردی نۆسامە وجەمەو کردمە هەڵبەت س کتاو تریش ک یەکیان چوارینە یا ڕوباعی خوەمن هانە ژێر چاپ:

١ـ باخ هەزارگوڵ،
٢ـ خاک نشینەیل عشق
٣ـ بەرگوزیدەی ئەشعار "ئەحمەد جەلالی گوران"(مەهجور کرماشانی)
٤ـ ئەشعار "شەمس عەلیزادە"
٥ـ دیوان تەمکین"تەمکین کرماشانی"،
٦ـ کوکردنەوەو چاپ دیوان"شامی کرماشانی"،
٧ـ دیوان شێعرکوردی وفارسی وەناو «ئاگرواران»
٨ـ ژیاننامەی کەسایەتی گەوراگان کرماشان
وە سەدەی یەکم تا سێزدەهوم (٣جلدی)

٩ـ تبابەت کرماشان
١٠ـ هەزاردەستان وباخ هەزارگوڵ
١١ـ حەریروباڵندە
١٢ـ مێژوی چەمەری
١٣ـ بەختە واران
١٤ـ شەسە واران
١٥ـ مێژووی چەمەری
وە چەن کتاو تر ک هاژێر چاپ یا هێمای چاپ نەۆنە

**نمونە شێعر کوردی ماموساڤەرشیدیووسفی وە زاراوەی کەلهوڕی:**

یەی گِڕ کراسِ ئاورت لە وَر درار واران!
کُوژیا وجاخِ عشقم، ئاگـــر بوار، واران!
لَەی دەشتِ گەرمەسێرەوَی دارِ وشکِ پیرە،
زۆتر بوار دیرە، دی خوَەد نَەشار واران!
...دَەسِ گیایِ زیوِم، ئەرای نمێ دریژە
هەرچی کە ئاو و کانی دیری، بنار واران!
وە جرمِ یَەی "هُوَالیار"، مەنسور وار هاوار،
یەی جارە نەکەسەدجار،کیشیامەدار واران!
وەرزگوڵ و وَهارە، "انور"مەیگوسارە
ئمشەو نِم نِم بوارە وە مەیگوسار، واران!

**نمونە شێعرفارسی ماموسا یووسفی:**

مگر از مردن خورشید خبر دارد شب
که سیه جامه ی اندوه به بر دارد شب؟
هق هق گریه اش از درد، فضا را پر کرد
نعش خورشید به همراه مگر دارد شب؟
همـــــره قافله ی زخمی غم می آید
شاید از فاجعه ی روز خبر دارد شب
بغض نگذاشت بپرسیم ز چاووش پگاه
که از این شهر، کَی آهنگ سفر دارد شب؟
باید از راهبه ی پاک سحرگه پرسید
که به جز روز شکاری چه هنر دارد شب؟
پینه بسته است در اندیشه ی شب، کینه ی روز
عجبی نیست که از روز، حذر دارد شب
تا گلو تَرکُند از تُنگ بلورین صبا،
صبح را تا به سحر چشم به در دارد شب
از زلال نفس عطر فروشش پیداست،
که خبر ز آمدن پیک سحر دارد شب
به کجا می روی ای توشه ی امید به دوش
باش تا صبح، که این راه خطر دارد شب

**پرسیار:** ئەڕا دۆاین قسە چە دیری ئەڕامان ماموسا

**ماموسا یووسفی:**

م ئەوقەرە ک ئەڕا جەم کردن وچاپ ئاسار هونەرمەندەیل قەدیم زەحمەت کیشامە ئەڕا چاپ کارەگان خوەم کارنەکردمە مەسەڵەن ئەگەر م دیوان تەمکین ک شاعر گەورایگ بی چاپ نەکردیام خوەی شێعرەگانی وە هورە و چیا م ئاسار نزیک وە پەنجا شاعر قەدیمی جەمەو کردمەو چاپیان کردمەو هێمایش هە درێرم کار کەم

## خۆشەویستم



**شنۆ. گوندی «شێخان». بڕوا کارساز**

خۆشەویستم...
بەرەو ژوانت نانێم هەنگاو
ژوانت ژانە بۆ لێوانم
لە کاتێکدا کوردستانم
بە لێوانی هەڵواسراوە
لەبەر ئەوەی...
لێوی ئاڵی دڵبژۆکی سەربەخۆیی ڕامووسیوە

نامەم نایە تا ئەو کاتەی
خامەی شاعیر بەند و دیلە
لەبەر ئەوەی...
شێعری ئازادی نووسیوە

خۆشەویستم...
ئەو دەستانەی
باوەشیان بە دەستت داکرد
ئەودەستانەی...
بۆ جێ خەوی کۆتری دەستت بوون بە لانە
ئێستا هەڵگری ئاڵانە

## بەڵێن



**مەهاباد. ئێلاهە پیرۆتی (دلۆڤان)**

بەڵێن،
بە تیری برژانگی هەڵ پساوت
بەڵێن،
بەو بڕیار و بەڵێنەی داومە بە ناوت
بەڵێن،
بەو دڵەی خستتە داوم
بەڵێن،
بەو دڵدەی داوتە بەر پەڕ و باڵی شکاوم
چریوەی عەشقت،
لە دڵم دەکەم پەیدا
دەمێکە سەری هەڵداوە سەر و سەودا
قوتابی مەکتەبی خۆشەویستیم
پارێزداری وانەی دڵپەرستیم
بە بڕیاری پیاوان،
ناشکێنم پەیمان
گەر بۆ ساتێکیش،
کاتم مابێت لە ژیان

## خەم...



**مهاباد. یۆسف شەریف زادە**

هەتا شەو شەق دەبێ خەم دێتە سەرتر
لە چاوم کوا جێگا بۆ خەو دەمێنێ
کە یاری نادیار ون بو لە چاوان
وەفای دونیا بە کێ کوا بەو دەمێنێ
سەرم پڕ بێ لە نەغمە چەشنی بولبول
لە بەند دا کوانێ قاسپەی کەو دەمێنێ
تەواوی تان و پۆم یارم تەنیوی
لە یادم کوانێ یادی ئەو دەمێنێ
تەواوی فکر و بیرم کەوتە بیرت
لە بیرم کوانێ بیری نەو دەمێنێ
شەمی عومرم تواوە بۆ شەمی ڕوت
وەرە تا هەم نە شەم نە شەو دەمێنێ.

## مێژو...

مێژو
وەرە تۆ و شەرەفت
قەدری درەخت چاک بزانە
مەرگی دارستان نزیکە
مێژو
وەرە تۆ و شەرەفت
قەدری شاعیر چاک بزانە
مردنی وشە نزیکە.

## ئەوین و شێعر



مەریوان. ئەوین سوبحانی

بوو بە هاورێم
بوو بە هاو بەشی خەمەکانم
بوو بە سۆزێک کە لە ژوورەکەم،
لاسووچی پەردەکەی
دەهاوردە سەما
و دەجوڵایەوە
ئاسمانی تاریک
ئەستێرەکانی ئەگەشانەوە .
تریفەی مانگ خۆی خستبووە ژوورەکە و چاوشارکێی دەکرد
و نازی دەکرد
جار جار خۆی لە پشتی
هەورەکانا دەشاردەوە
و جارجاریش
لە پشتی پەردەی پەنجەرەی
ژوورەکە ئەگەشایەوە
ئەو هەموە ئەستێرە سەیریان دەکرد
چ سەیر بوو
ئەو هەموە ئەستێرە جوانە لە برچاو نەبوون
تەنیا مانگ بوو حاکمی تاریکی ئاسمان
ئەوەنە بە ناز ئەگەشایەوە تەنانەت
پەردەکەشی هاوردبووە سەما
دەنگی مووسیقای کۆمپیووتێرەکە تەواو ژوورەکەی گرتبوو
مانگەکەی شێت کردبوو
پەردەکەی شەیدای مانگ کردبوو
بە سۆزێک دەرگاکەی دەجووڵانەوە
شنەی با لە سووچی دەرگاکە دەهاتە ژوورەوە و
دەنگێک لە نێو کەژوو هەواکە ادا دەهات
و بانگی دەکرد
لە سووچی دەرگاکەوە هاتە ژووروەوە
ئاییی ئەو شەوە چ شەوێک بوو
لەو شەوەدا خەیاڵ
هاتە ژوورەکەم و خۆی خستە نێو دەفتەرەکەم
قەڵەمەکەمی هاوردە نووسین
ئەوە شەوە بوو
کە شێعرەکانم لە دایک بوون

## ڕێگەی‌تێکۆشان



پاوە. ئوسمان ڕەحیمی هە جیجی

کاکەئەم‌شێعرەم وەسیەتە بۆلاو
ڕێگەی‌ڕوونگەشە وەک‌تیشکی‌هەتاو

بۆتێکۆشانت خیرەت‌بنوێنە
گۆرانی‌باڵای کەسامەخوێنە

بابۆت‌بەیانکەم ڕێگەی‌سەربەستی
خیرەتی‌ئەوێ وەک‌هەڵۆ هەستی

سەدجار ئەم‌دنیا هەربەحری خەم بێ
بیاری‌نەبێو هەمووی‌خەم‌جەم بێ

ئەبێ‌خەریکی بیرووهەممەت بی
تالەدواییدا بەبێ‌حەسرەت بی

ڕێگەوەمەرامی نەسڵت‌بناسە
بۆژیای‌ژینت ماندوومەناسە

فەرموودەی‌باپیر نەسڵێکی‌کۆنە
ژینی‌سەربەرزی ڕێگەکەی ڕوونە

ئەرچی‌لە ژینا لەگەڵگیان جەنگە
تەقالای‌خیرەت بەوێنەی هەنگە

ئەرڕەنجەرۆیچ‌بیت هەرگیس‌کوڵ نەدەی
قەدبیری ڕۆژی دوێنێت‌نەکەی

لەرێ‌ژیاندا بمری‌بە ئاخێک
سەربەرزیت‌نەدەی بەقەسرووکاخێک

لەسەرمەرامت قەدهەڵەنەچی
ڕێ‌حەوت‌خوانیچ بێت ئەبێ‌هەربچی

ئەوحەقەی‌کەوا خوداپێ‌داوی
هەربۆی‌تێکۆشە هەتاکو ماوی

قەدبەوەناژێت دەس‌بەسینەبی
باهەرلەبەرگی کۆنەو پینەبی

چوون‌دنیا وێنەی ماڵی‌دوو دەرە
دەرێک‌بۆهاتن دەرێک‌بۆ دەرە

## ئازادی



مەهاباد. زریان

دوێ شەو
پڕ بە باڵای ئاوێنەی خەونێکی خوێناوی
ژنێکم دی
چارشێوە ڕەشەکەی
بە سەر شانی شار دا فڕێ دا بوو و
هەزار سۆفی کۆسەی پرچنی چڵکن
بە شوێن قیبلە نیمای چاوی
نوێژە بارانەیان
لە سەر بەرماڵی گڕ دەکرد

دوێ شەو
پڕ بە وەرزی خەونێکی نەزۆکی چڕ
حەرەسێکی گرژم بینی
تۆوی پریشک و برین و بای پڕژاند بوو و
بە داسی تیژی مانگ
دروێنەی
بڵێسە و خوێن و گەردەلوولی
لە سەر تەرمی
ئەستێرەیەکی سارد و سڕ دەکرد

دوێ شەو
خولیای خۆشەویستی هەنارێکی زامدار
لە هێلانەی کۆتری مێشکم خزا و
پێنووسە جڵتە لێداوەکەم
بە زوبانی ئاماژەی هەنیسک
بە کوڵ شەپۆڕی لێ ڕژا
وشە بوو بە پێناسەی ئەوینێکی قاچاخ
لە ڕاست پەریەکی بێ باڵ مانی گرت
خۆر بە خوێنی خەستی خەیاڵێکی لاسار
لە تەلاری تریفەی مانگ
بەزمی سوری خەنەبەندانی گرت

دوێ شەو
ڕەمزی زەماوەندی زەوی و ئاسمان
بە کازیوەی سەمای بەیان درکا
شێعری جوانە مەرگی بوکی سوری هەتاو
پرچی هۆنراوەی درێژی ئازادی
نەرم شانە کرد و
تاسەی هەزار خۆزگەی کۆچ کردوی هەندەران
بۆنی خاوی بارانی گرت
بزەی لاڵی لێوی خاتونێکی مردوو
پەرتووکی هەرەشەی زریانی
لاپەڕە لاپەڕە سوتاند و
پڕ بە گەروی دارستانێکی بێ گەڵا
چرۆی گەشەی گۆرانی گرت...

دوێ شەو
ژانی سەختی شەوەزەنگ بوو
مەکری پیرەزەوی گەڕیدەی بێ شەرم
بە دەم هاواری ئاڵای شەکاوەی ڕۆژ
ئاشکرا بوو

دوێ شەو لە خەونمدا
قەقنەسێکی تەرە لانەی تینوو
کاتژمێری ڕزگاری قورمیش کرد و
لە خۆڵەمێشی تەرمی خۆی
پڕ بە قیژەی قژی
بە دوانە زا و
خۆر ئەنگاوتەی بەیانی ڕوون
چرا و چرۆ
لە دایک بوون....



گۆڤاری ئێلیکترۆنی لە داوێنی ئاربەبا



## کورتەچیرۆکی "کووپێک قاوە"

سنندج. زاهێد مەجیدی

دەنگی هەورەتریشقە لە خەو دایچەڵەکاند. هەستی بە فێنکییەکی دڵڕفێن کرد.
ئەیزانی کە هاوژینەکەی خەوی لەو سووکترە.
لەو تاریکیە، ڕووی تێ کرد و وتی :
"ئەمڕۆ زۆر ماندوو بووم....ببەخشە کووپە قاوەکەم بۆ ساز نەکردی."
وەڵامێکی نەبیست. بەتانیەکەی کێشا بەسەر خۆی و دەستێکی خشاند بە سەر سەرینەکە ؛ جێگەی خاڵی بوو.
هاتەوە یادی کە پاشنیوەڕۆ، هاوژینەکەیان بە خاک سپاردبوو.
لە بەر خۆیەوە ناڵاندی:
"ئازیزەکەم! داخۆ ئەمشەو، سەرمات نابێ؟"

## سەرباز

سنندج. زاهێد مەجیدی

وەک هەموو سبەینان، خات مریەم چەن نان و برێ پەنیر و کەمێ کەرەی لە چارۆکەکەی مام حەوڵا نا و بەڕێی کرد بۆ سەر مەزرا.
مام حەوڵا بێ‌نقە و جقە، سواری کەرەڕەش بوو و لێی‌خوڕی بۆ دەرەوەی ئاوایی.
لە تەماکۆی ناو قوتووە سیگارەکەی، جگەرەیەکی پێچاوە و دایگرساند. مژێکی لێدا و چاوی هەڵبڕیە شاخ و کێوی ڕووبەڕووی و دووکەڵی جگەرەی لە لووتیەوە وە دەر نا کە ئاوێتەی سمێڵە زەرد هەڵگەڕاوەکەی بوو و بیری کردەوە:
"بڕوا ناکەم حوکمەت ئەم کوڕە تاقانەم ببات بۆ سەربازی. خۆ من هەر ئەو زەلامە سەرخڕە شک ئەبەم."
ـ "ڕۆژ باش، مام حەوڵا! ئەرێ ئەورۆ کامیل نایەتە گەلمان؟" فەتاحی مام قادر ئاوری دایەوە.
مام حەوڵایش وەڵامی دایەوە:
"سەلام فەتاح‌گیان. بە لۆلت بم. نەواللە! کامیل ئەمڕۆ پیاوی ماڵە خاڵیەتی. "
ئیمجا کە لە فەتاح دوور کەوتەوە، چاوی بە تەپ و تۆزێکی سەیر کەوت کە لە ڕێگاکە بەرز ئەبووەوە . دەسی کرد بە وردە بۆڵە:
"مردووت مرێ! حوکمەتیش واز بێنێ، ئەم خەڵکە واز ناهێنن. جا هەر خۆم خێر لە کامیل نابینم."
دیمەنی پاش نزیک بوونەوەی تەپ و تۆزەکە، زۆر سەیر بوو . چەن قازاخ بە سواری ئەسبەوە بوون کە هاتبوون بۆ سەربازگیری.



شاعیر: سید داود جاسمی
وەرگێڕ. نادر مستەفازادە

داشقەی ژیان....
ئای ئەو ژنانەی
کە دەتانهەوێ
لە گەڵ من بەرانبەر بن
ببنە بەردی ژێر ئاش
منی کە وەک ئەسپی
پیر و بێهێز و پەککەوتوو
لە بەیانی هەتا شەوێ
هەر بە وێڕغە
داشقەی ژیان دەکێشم!!!
بەلمبۆزێکی بەستراو
نیر لە ئەستۆ خراو
گیان دەدەم
تاخاو و خێزانی
خودایانی ژێر ڕاکێشم
خەڵاتەکەی
تێکۆشانم
دەدرێ بە داشقەچی
تەنیا
قامچیەکەی من دەیخۆم
قامچێک
کە دەنگی
ۆەکوو گیان کێشانە
نازانی چەندگیان سووتێنە
چەن بە ژانە
شەقەی قامچی
لە کەلەکەی برسی
منی وا بزماری
کۆیلایەتی لە لاق
داکوتراو
نیری
دیلییان لە ملم ناوە...
ئێوە
بە خوداو سوێند دەدەم
لە من و لە ئێمە
دوور بنەوە
دوور بڕۆن بکەونە
لاوە...





شاعیر: نازم حیکمەت
وەرگێڕ. نادر مستەفازادە

نازدارەکەم
ئەوانە دوژمنی هیوان،
دوژمنانی
ئاوی ڕوون و
داری پڕ لە غونچە و گەڵان
دوژمنانی ژینن
دژی قاقا و پێکەنینن
ئەوان
مۆری مەرگیان
پێیە
ددان ڕزیو
گۆشتیان بۆگەن
دڵنیا بە
هەر بەو زوانە
دەمرن
بۆ هەمیشە
دەڕۆن
بەڵێ دڵدارەکەم
ئەو کات
ئازادی
لە جل و بەرگی نەورۆزی
بە ئاوازە وە دێ
بێ کۆت و بەند
هەر لە خۆشی و شادی
پڕ،پڕ دەکا وڵات





## سۆفی حەمە شەریف

لەیلاخ. واحید کەریمی

ـ: قەرارە ئەم حەفتە تەکیا بچم بۆ ماڵەو ساتمە ' قەولی داوە منیش تەک خوەیا بوا
ـ: خوەزومە خوەت. دەی کەی ئەچن خوو تا پەنج شەممە دەرسمان هەس!؟
ـ: جومعە ئەچین. وەلێکان قەرارە ئیمرۆ دوانیمەرۆ بچم بۆ حومام .تۆیش نایت؟
ـ: قاوم لی کە بزانم دەسم ئەگەیێ.

سعات چوار ئەچمە شۆن ڕەزا با تەک یەکا بچین بۆ حومام. تا خوەی حازر ئەکات ناراو بەشەر ئەتێرێت! لە دوای نیم سعاتا وە ساکێک پڕ لە لیباس و حەولەو و کەل پەل حومامەو تێتە دەیشتەو. ئەکەفینە ڕێی بەرەو حومام کا حەبیب. حومام تیکمەی مەردمە ' یەکێ دووش ئەگرێ ' یەکێ کیسە ئەکێشێ ' یەکێ خەریکە سەر ئەشوورێ. پیاوێک چەند 'خاڵ کۆبی ' شمشێر و شێر ها قەو باڵیەو ' دانەیێک خەریکە دەم ریش ئەتاشێ خولاسە هەر یەکێ خەریک کارێکە . من و ڕەزایش خوەمان ئەدەینە بەر دووشەکە تا نەرمەو بوین. تینە ئەم لاوە ڕەزا ئەیژێ: ئای باوکە ڕۆ هەی لیمەشۆرەم ناوردوە! ئەیژم: دەی برۆ لە کا حەبیب بسەنە. ئەیژێ: کورە فەقەت پەنج تومەن پۆڵ حومامەکەم هەس و پەنج تومەنمیش دانیاوە لە ئاخرەو بیەمە ' لەیلێ پۆتێک ' کا حەمە جافر کە گوێچکەی ها لیمان ئەیژێ: ئا ڕۆڵە ئاوە لیمە شۆرە بیە لە خوەت. ئێمەیش ڕەحمەتی بۆ ئەنێرین و لێ ئەسێنین. لە شۆنیا کیسەی یەک ئەکێشین لۆ لۆ چڵک هەڵ ئەدەین ! لە شۆنیا دۆش ئەگرین و لیفە و شامپۆ و ... . تینە دەیشتەو لەم دێو حومامە گەرمەکەو مەردم خەریکن خوەیان وشک ئەکەنەو. ئەچینە بەرِ گڕ سومپاکەو لەزەتی هەر تواو ناوێت ئانێ ئەچین بۆ حەساو کا حەبیب ئەیژێ : خاڵۆ حەمە جافر حەساوتانی کردوە و چیوە . دووارە وە دەنگ بەرز ڕەحمەتی بۆ ئەنێرین. لە دریای حومام 'عمومی' کە تینە دەیشتەو وا بیر ئەکەینەو کە دوو سێ کیلۆ سووکەو بیوین وەک مەلۆچکێک وا گەرەکیە باڵ بگرێتەو ئێحساس ڕاحەتی ئەکەین! یەکراس ئەچین بۆ دوکان کا شەهاو دوو دانە لەیلی پۆت تازە ئەسەنین و ئەکەفینە ڕێی بەرەو ماڵ تا تینەوە شێو کەرانە. دایکم ئاش تۆماتێزی نیاوە بان بۆی تواو ماڵەکەی گرتوە ' کاش کەیکم نەسەنا بەر دڵمی گرت '. لە شۆن شێوا ئەیژم باوکە هەر لە سەر قەوڵەکەی خوەت ماوی !؟ سوح ئەمووەی ؟ وە بێتاقەتیکەو ئەیژێ من سوح زۆ ئەچم ڕۆڵە تۆ هایتە حەفت پشت خەوا. شەکەت ئەوی تیت چە ئەکەی!؟ ئەیژم: قەینا تۆ بموە شەرتوێ سوح زۆ هەڵسم. شەو کەمێ زۆتر لە جاران ئەخەفم. سوح وە دەنگ باوکم هەڵەسم. ڕۆڵە ئەگەر گەرەکتە بیت هەڵسە ئاوە خەریکم ئەچم. سەرمای دەمەو سوح و گەرمای لێفەکە بەرم نادات وەلێکان فرە دڵماپێەو بچم . وە موکافات هەڵەسم و کۆت پەشمینەکەم ئەکەمە بەرم. باوکم ئەیژێ: کڵاوەکەت لە بیرت نەچێ ' دوو جفت گۆروایش کە پات هەواکەی ئیمرۆ فرە ساردە وەک سەگ قەپ ئەکاتە ئازای ئەنام بەشەرا! ئەکەفینە ڕێی بەرو ڕێگاکەی تەرواڵ سعات نۆ ئەگەیینە بەرەو باوکم وە جل پێچێک پڕ لە لیباس منالانە و کراس و شواڵ و سوخمە .هەر هەڵاڵە ئەکات من ڕۆم نییە هەڵاڵە کەم. کانیشکێک بۆچک ئەیژێ خاڵۆ کراس کوردیتیش هەس؟ باوکم لە دەر حەوشیانا ئەوێسێت و ئەیژێ: هەسم ڕۆڵە شیرینەکەم وەلێکان خوا مراگت حاسڵ کات بەشکەم لێوانێ ئاو بیری بووم ' لە دوای دوو سێ دەیقا کەنیشک وە پارچێک ئاوەو تەک دایە گەوریا تێتە دەیشتەو. دایە گەورەی ئەیژێ :خاڵۆ ئیبرایم کەمێ قەرز ئەو ڕاتیش لامەو ماوە کراسێک زەریفیش بە ئەم کەنیشکە زاگمە . باوکم لە بەین جل پێچەکەیا کراسێک زەرد دەر تێرێت و ئەیگرێتە قەوی ئەیژێ بروە ماڵەو بیکە بەرت بزانە پڕ بەرتە. فرەیێکی پێ ناچێت تێتە دەیشتە چما هەر بۆ ئەو دۆریاوە . پۆڵ کراسەکە و قەرزەکەی ئەو ڕایش ئەداتەو منیش پۆڵەکە لە باوکم سەن و نیامە گیرفان شۆاڵە کوردیەکەم. چما زۆر پا و دەسم زیاگ بیوەسەو " فرە دڵم پێ خوەشە وە خاتر ئەوەسە ئەیژن پۆڵ قوەی قەلبە ' درۆ نایژن.

ئەکەفینە ڕێی بەرەو ژۆر ئاوایی هەر هەڵاڵە ئەکەین کراس سوخمە پاپۆش پارچەی لەمە کرێشە و. .. بەنەی خوایێک قاو ئەکات لیمان و ئەویش بۆ وەویەکەی دوو قەوارە پارچە ئەسێنێ و پۆڵەکەی نەختی ئەدات. چەند لیباس منالانەیش ئەفرووشین و گشتی پۆڵ خوەی ئەدات و هیچکامی ناکەفێتە قەرز. باوکم ئەیژێ: شەنس تۆە ' جاران تا کوتێک پۆڵ چتەکەیان بدا ناراومیان ئەهاورد. منیش کەیفێک ئەکەم و دەسم ئەنمە بان پۆڵەکان وا باوکم گشتی داوە دەس من و ها لە گیرفانما . شەرتوێ بچمەو بیکەمە ئنشایێک بۆ ئامۆزگارەکەمان با بزانێ چەنێک پام خەیرە و ئیتر کەم بیژێ قووشە بۆچە دووارە جەدوەل زەربت حێفز نەکردوە!

تا سەر نهار هەر خەریک پارچە فرووشتنین کەمێک جل پێچەکە سووکەو بیوە و بار ئێمە ڕاحەتترە. بۆ نهار لە پای چەمێکا دا ئەنیشین. ناوڕاس مانگ پاییزە و گەڵای دارەکان زەرد و سۆرن و فرەیێکیشی وەریوە پای دارەکان.

کاش لە جیایی مەدرەسە هەچێ ڕۆژە باتام بۆ مامڵە . لە شۆن نهارا ئەکەفینە ڕێی بەرەو بەوەجان لەونەیشا فرەیێکتر پارچە و لیباس ئەفرووشین و پۆڵەکەی هەر ها لای منەو. ئیتر دوو گیرفانە گەورەکەی شۆاڵەکەم حەساوی پڕیە لە پۆڵ . و ئێفتخارێکەو هەنگاو هەڵ ئەگرم! باوکم جار بار لە ژێر چاوەو تەماشاییکم ئەکات و لە ژێر لچەو بزەیێک ئەواتەو. غەیر لە ئێمە دوو مامڵەگەر تورکیش خەریکن چت ئەفرووشن. دوو سنۆق پڕ لە خرخیواڵ ها لە شانیانەو هەر وا سەر پا شکیاو فارسی قسە ئەکەن و چت ئەفرووشن ' جار باریش ئێمە ئەگرنە ژێر 'نەزەر' نازانم بۆچە وەلێکان هەر خوەشم نایێ لێیان. دانەیێکیان ئەیژێتە باوکم های مەشەیی ئمرۆز چقدر کاسبی کردی؟ خوب بودە الحمدلیلا؟ باوکمیش سەر پا شکیاو ئەیژێ لە حەمد خواوە بد نبودە. لە شۆنیا ئەیژێتە من بێرەو ڕۆڵە بچین بۆ ژۆر ئاوایی با تەک ئەمانا نەگەڕین . فەورەن ڕێیەکەمان جیا ئەکەینەو ئەچین بۆ لاییکتر. نزیک ئێوارەس' لە جل پێچ لیباسەکان چتێکی نەماوە و غەیر لە گیرفان من گیرفان باوکمیش پڕیە لە پۆڵ. ئەکەفینە ڕێی بەرەو ئاوایی خوەمان کە فرەتر لە سعات نیمێک ڕێیەس. بەرعەکس سوح ئیتر پام لە شۆنما نایێت و ئەونە شەکەتم کە ناتوانم هەنگاو هەڵبگرم. ئەگەینە ناوڕاس ڕێگەکە و ئاوایی تەرواڵ لە بەر چاومان گوم ئەوێت . باوکم ئەیژێ : ڕۆڵە هەنگاو هەڵ بگرە دێرە منیش تەماشاییک دوا ئەکەم چە ئەو دوو مامڵەگەرە وا سوح هەر پرس جوویان ئەکرد هانە شۆنمانەو. ئەیژم: باوکە. . باوکم ئەیژێ: ئەزانم ڕۆڵە وە خاتر ئەوەسە ئەیژم زۆکە و هەنگاو هەڵبگرە. ترسێک تێتە ناو دڵم ئێمە هیچێ نییە دەسمانەو منیش منالێک کلاس چوارم ئەگەر چتێک پێش بێت چەبکەین. هەروا کە هامە ناو فکر و خەیاڵا ئەو دوو نەفەریشە هەر هانە ژێر نەزەرما وە سورعەتێک فرەترەو پایان هەڵگرتوە کە بگەین پێمان . دانەیێکیان کە سمێڵ چەشماخیکە ئەیژێ: هەی مەشەیی وایستا باهات کار داریم. دڵم تواو دائەکەفێت. باوکم وەک کەسێک وا چتێکی نەژنەفتوێت هەر وە سورعەت خەریکە هەنگاو هەڵ ئەگرێت و دەس منیش ئەکاتە کێش. لە سەر پێچێکا ئەگەین پێمان . ئێوارەی لێڵێکە و جۆکەی مەلۆچک لەونا نایێت. باوکم ئەیژێ: ها بفرما چی میخایی؟ دانەیێکیان چەقۆکەی دەر تێرێت' باوکم ئەکوتێتە زەویا منیش وەک مامرێک وا سەری بڕیاوێت هەر خەریکم خوەم ئەدەمە زەویا و مەچەکم سفت ها ناو دەس ئەو دانەکەیانا . باوکم ئەیژێ خوا هەڵ ناگرێ وا مەکەن لە خوا بترسن چەتان گەرەک؟ سمێڵ چەشماخیەکە ئەیژێ: نمیفهمم چی میگی!؟ باوکم ئەیژێ: پۆڵەکەمان بوەن و واز بێرن. من ئەیژم غەڵەتیان کرد! سمێڵ چەشماخیەکە وە ئەو دەسەکەی ئەداتە ناو دەمما خوێن پڕ دەمم ئەوێت. باوکم ئەو کاورا پەرت ئەکاتەو ئەو لاوە و هەڵمەت ئەوات بۆ سمێڵ چەشماخیەکە چە لە پشتەو ئەو دانەکە ئەیگرێ و چەقۆکە ئەنێتە ملی .سمێڵ چەشماخیەکەی ئەیژێ: سەفدەر سرش را ببر چۆن ئەگەر پۆڵشان را ببریم ڕاپورتمان میدهند و ولمان نمیکنند. من چما دونیا لە بەر چاوم خول ئەخوات و وەختە دڵ و دەرۆنم بێتە بان . ئەکەفمە بیر دایکمەو کە لە شۆن ئێمە چە بکا. لە بەین ئەم حەمکە گرفتاریا پەنا ئەوەمە خوا و لەو ئانا وا چەقۆکە گەرەکیە سەر باوکم بوڕێیت ناخافلا دەنگ سوارێک تێت کە لە دۆرەو وە نافات کردن تێت بۆ لای ئێمە. چما مزگانی بەهەشتیان داوێت پێمان. سمێڵ چەشماخیەکە کە ناوی سڵێمانە وە تورکی چتێک ئەیژێتە ئەو دانەکەیان کە ناوی سەفدەرە دەسی شلەو ئەوێت و ئەننە قولا بەرەو ناو ئەو شێف و جاڕگەلە . کاورای سوار تێتە بەرەو باوکم ئەیژێ : تۆییت سۆفی حەمە شەریف !؟ ئەی خوا وە خەیر بتتێرێ برا دەیقەیێک دێرتر باتایت کارمان تواوی. سۆفی پیاوێک ڕیش چەرموو و نۆرانیە و قەوم دۆر باوکمە. وەلێکان هەر نەمزانی وەو خوەرنیشتن ڕۆژ جومعە چۆن ڕێیەی کەفتۆە لۆنە ؟ لە شۆن دەرچۆن ئەو دوو کاورا زل مل قەویا سۆفی تا ئاوایی ئێمەی گەیاند وتی نەکوا ئەو دوو ناپیاوا لە شۆنتانا بێنەو . ئێمەیش هەر شوکر خوامان ئەکرد کە سۆفی گەیوە فریامانا و نەجاتمانی لە دەس ئەو هەنجەڵەو داوە. تا گەیینە بەرەو هەوا تاریکی کردۆ و مەردم لە مزگەوت ئەهاتنەو . ئێمەیش تەک سۆفی حەمە شەریفا چۆنەو ماڵ خوەمان و سۆفی ئەو شەوە لە ماڵ ئێما خەفت و سوحا لە شۆن سوحانا چۆەو بوو قوروە . باوکم ئەیوت ماڵیان ها لای گاراژەکەی شار قوروە ئەشێ ڕایێک بۆ خاناوایی بڕومە ماڵیان و چتێکیان بوو بوەم . منیش ڕۆژ شەممە چۆمەو بۆ مەدرەسە و تواو بەسەرهاتەکەی دوێکەم کردە ئنشاییک و بۆ ئامۆزگار و مناڵەکان خوەنمەو . ئامۆزگاریش بیسێک چاخی دا پێم و دوو دانە مۆر هەزار ئافەرینش دەفتەر ئنشاکەمی ڕازاندەوە .

چتێک کە ئایسەیشە هەر شۆنم نەوردە سەری ئەوەۆە کە باوکم دوای مانگێکا ڕۆژێک چۆ بۆ ماڵ سۆفی حەمە شەریف و بڕێک ماس و دۆ و شیری بوویان برد تا خاناواییان لێ بکات . ئەیوت چۆمە ماڵ سۆفی حەمە شەریف و لە دوای خەیر هاتن خوەشاتنا وتیان ئەمە چۆنیوە میرزا دوای ئەم حەمکە ساڵە ڕێیەت کەفتوە لێرە؟ منیش لە جواویانا وتومە کورە ئەو ڕۆژە خوا گەیانتی ئەنا ئەو دوو کاورا سەرمیان ئەبڕی و بێ سەر شۆنمیان ئەکرد! چە سۆفی لە جواوما وتییە: کەی؟ کام ڕۆژ میزا ئیبرایم؟ من ئەمە ساڵێکە لە قوروە نەچیومە دەیشتەو!

باوکم ئانێ هاتەو و ئەمانەی وت تەنیا وە قسەیێک درێژەی دا قسەکانی ئەویش ئەوەۆە کە خوا لە ئێوارانێک تاریکا باوکێکی شەرمەزار مناڵەکەی نەکرد و خوێنێک وە نا حەق گوم نەکرد. ..



بانە. ئامینە عەزیزی"سروور"

بە ئەوینت
دەستنوێژی وەفا و بەڵێن هەڵدەگرم و
لەناو یەک بەیەکی
رەکاتەکانی نوێژی خۆشەویستی
ناوت دەێنم ـ
تا ئەوکاتەی دەستم لەرز و
چاوم کز و
قاچم سست و
لەشم تەزیو
چۆن لە نوێژەکانی
خوم واز ناهێنم
خەیالی تۆش
لەبیر ناکم دت دوێنم

❀❀

گەڵێک شەوان تا لای بەیان
بە دەم وێژینگی خەونەکان
هەردو ئەژنۆم لە باوەشە و ...
ئاوات دەخوازم بۆ نەمان

## نیشتمان



رەبەت. سامران هێژا

کاتێ پێنووس دەگرمە دەست
لە جوانی ژیان دەڕوانم
جگە لە تۆ
هیچ نابینن چاوەکانم
کوردستان ئەی نیشتمانم

## ڕاوێژ



پیرانشار. سەعدی عەباسی

دڵم گەرچی خەفەتبار و سەرم هەرچەند سڕ و گێژە
لە سووچی قوژبنی ژوورم، قەڵەم مەیلی لە خۆوێژە

بەیانیان کاتێ خۆر هەڵدێ بەدڵ دەڕوانمە ئاسۆ
بڵێی ڕۆژی لە کورتی دا؟ کە چون تا موڵکی تیرێژە

بە شەو ئەمما لە ناو دوو ڕێ پیاسەی بێ قەراریمە
دەمە بۆنی شەڕابی نوێ و دەسم هەروا بە دەستنوێژە

کە ڕام وا بوو شەڕاب و دین گەلێک ساڵە لەیەک زیزن
خودای من هاتە گوفتار و وتی چی قینە بینێژە

بڕێ شاگەشکە بووم بەینی شەڕاب و دین کە چا بۆوە
کەچی دیتم خەمێکی تر لە نێو ناخم سەرەوڕێژە

وتم خوا گیان کە پاشا و عالمی هەر دوو جیهان خۆتی
نگای ڕوحمێ بە ڕەو و خاک و گەلی کوردیش بهاوێژە

وتی یانی لە تۆ وایە دەسم بەرداوە لەم کوردە؟
وتم ئەی چۆن کەدەبینم هەموو لام زاڵم و خوێنڕێژە

کە فەرمووی سەیری چوار لا کە خەتای کورد خۆیەتی چبکەم
ئەوەندەی ئێوە خۆخۆرن سەری خۆشم لەڕاوێژە

## كۆنە یار

### پێنج خشتەكی لە سەر شێعری كاك لوقمان پیر بادینی



شارەدێی ڕەحیم خان. یۆنس ئەمین پوور

چاوەكەت دەریا، دڵم سەرسەوز و سۆنە، كۆنە یار
ئەو ئەوینەت وەک گڕ و دڵ کایی كۆنە، كۆنەیار
ڕۆژ و شەو ئاکار و هزرم بیری تۆنە ، كۆنەیار
"دەفتەری ژین بێ ئەوین، بێ ڕەنگ وبۆنە كۆنەیار
زۆر لە خۆم پرسیوە ئەحواڵت چلۆنە كۆنەیار؟"

ڕەوت و لارت وەک هەیاسە و دەنگی لەرزانە دەچێ
لاپەڕەی كوڵم وخەتت ، وەک شێعری فەرزانە دەچێ
كۆنە مەیلت وەک هەناسە و بای بەهارانە دەچێ
"تامی زارت زۆر لە بۆنی خاک و بارانە دەچێ
مەرهەمی ئازار و ئێشی زامی كۆنە، كۆنەیار"

بەژنەكەت داری قەنارە، وا سەرم سەرداری تۆن
دێتە بیرم بەیتی كوردان، ئەو گەلەی وا ڕەنجەڕۆن
من دەكەم باسی جەماڵ و خۆبوێری و چەند و چۆن
"پەرچەمت تاقگەی هەتاو، مەمكت دوو ماسی دەستەمۆن
خەنجەری دوو سەر بڕی جەرگی بەسۆنە، كۆنەیار "

بۆ نەبوو جارێ دەبان و دەرزی پڕئاژن نەبێ؟
تۆ لە ناو ژوانگەی خەیاڵ واژەیی شەرمن نەبێ
بۆ دەبوو جارێ شیفا بۆ ئەو دڵەی پڕ هوون نەبێ
" قەت نەبوو جارێ بریسكەی ژانی شێعری من نەبێ
هەرچی دەیڵێم هەر خەمی دیداری خۆنە، كۆنەیار "

ڕۆژ موتاڵای خاڵ و میل و بسكە تەختەی مەنزڵم
سەدمخابن ڕەنجەڕۆ و شاگردەكەی بێ حاسڵم
چۆن لە ڕێبازی ئەوینت، دابمركێنم كوڵم
"سۆز و هەست ڕێبواری تینووی كانیی عەشقت بوو گوڵم
هێشتە پاراوی ئەوینی بەرزی تۆنە، كۆنە یار

من بە فتوای چاوەكانت، بوومە دیلی بەندەیەک
هەست و نیستم چوو لە پێناو تیلی چاو و خەندەیەک
بوومە یەخسیری هەتایی چاوەبركێت، لەحزەیەک
"چوومە ئەو شوێنەی وا دڵمان دەگۆڕیوە بەیەک
ئێستە بێ چرپە و خشە و بێ هاتووچۆنە، كۆنەیار"




چوومە جێژوانی چەلان هۆشم نەما وەک مەنگ و شێت
مات و سەرگەردانە دڵ، چۆن دەربەرم جا من لە سوێت
هەر بەیادی ماچی جاران دێم ببینم جێگە پێت
"كۆپلەیەک قاقا لە گەڵ ماچێكی تەڕ جێماوە لێت
تۆم لە گەڵ نیی بەردی دیوار مرچوومۆنە، كۆنەیار "

وا هەڵۆی عەشقم كە كەوتە یادی جێژوانی چەلان
گشت بەزاندی هێڵ و كەوشەن، یاڵ و لاپاڵ وكەلان
گوێی دڵی ئەسپاردە سۆزت، پشت لە قیرانی قەلان
"ئەو سرووشتە پڕ گوڵە و تێكەڵ بە ئاوازی مەلان
ناگەنە جوانیت وەكوو پینە و پەڕۆنە، كۆنە یار

زۆر كەڕەت من لەو وڵاتە تەرمی لالەم ناشتووە
بۆو نەمامانەی نەماون، بەحری چاو ویشک بووە
كەمتیار و گورگ و ڕێوی وا تەماڵی بەستووە
"داڵی برسی لەو هەرێمە كۆترێكی گرتووە
چاوەكانم دێرە شێعری شین و ڕۆنە، كۆنە یار"

چوومە سەر كانی بەیادی چاو ڕەش و گەردن كەوێ
هاتەبیرم گوڵ بزەی لێو چاوەبركێت، من لەوێ
هەر بە ئاماژەت دەفەرموو عەهد و جێژوانی شەوێ
"تا حەشر ئەو شوێنە وا پێیدا دەڕۆی خۆشم دەوێ
چاوەكانت پێم دەڵێن، دڵداری چۆنە، كۆنەیار "

## ترس بەربەستی سەرنەکەوتن



دێولان.ڕەنـجـبـەر

هۆکاری سەر نەکەوتن لە هەر تێکۆشانێک زۆرن، بەڵام لە هەمیوویان بەربەستتر " ترسە "،
ترس لە سەرنەکەوتن، گەورەترین هۆکارێکە کە لە بەردەم هەر جموجۆڵێک و تێکۆشانێدا قوت دەبێتەوە و دەتوانێ ببێ بە هۆکاری سەرەکی نەگەیشتن بە مەبەست و بە ئامانج .
ترس لە سەرنەکەوتن وەک هەر جۆرە ترسێکی تر، ترس لە هەژاری، ترس لە هەڵە و ترس لە کەوتن، ئەژنۆی ئێرادەمان سست و شل دەکات.

ترس لە سەرنەکەوتن لە سەر هزرمان کارگەرە و کاردانەوەی نەرێنی هەیە و وامان لێدەکا، وەک مامزێک کە لە نێوان دوو نێچیرواندا گیری خواردبێت ئێفلیج و سڕ و بێهەڵویستمان دەکا،

ئەوانەی ترس لە سەرکەوتن لە دڵیاندا پەروەردە ئەکەن، بەردوام و بە بێهۆدە، لە دەروەی هزری خۆیاندا بە دوای هۆکاری ئەو شکەست هێنانەیاندا ئەوداڵن و لە نێو بازنەیەکی بەربەستیدا ئەخولێنەوە و ورەی دەربازبوونیان لە خۆڕا نابینن و بە ناچاری ملکەچی بارودۆخی هەنوکەیی دەبن و گۆشەنشین دەبن و سووچی سەلامەتی هەڵدەبژێرن .

لە ڕابردوودا لە فیل وەک دەبابەی جەنگی کەڵکیان وەر دەگرت ، ئێستەش ئەو ئاژەڵە زەبەلاح و ترسهێنەرە لە بەر دەستی منداڵێکدا وەک پەز فەقیر و بێئازارە، خاوەنەکەی بۆ هەر کوێ و بۆ هەر کارێک بییەوەی کەڵکی لێ وەر ئەگرێت بێئەوە فیلەکە ملپێچی و سەربزیوی بکات!

ئاخۆ چۆن فیل دەستەمۆ ئەکرێت؟

کاتی بەچکەی فیل دێتە دنیا و هێشتا کۆرپەیە، لە دایکەکەی جیای ئەکەنەوە و بە ڕایەلێک توند ئەیبەستنەوە بە ئەستۆنێکەوە، ئەویش سەرەتا ئەکەوێتە پالە قاژە و تێکۆشان بۆ ئەوە بچێتەوە کن دایکەکەی، بەڵام سەرەڕای تێکۆشانی زۆری قەت سەرناکەوێت!

ئە بەستنەوە و تێکۆشانە بێئاکامەمانە ئەوەندە دووبارە ئەبێتەوە هەتا بچکە فیلی بەستەزمان لە خۆیدارا نابینێت بتوانێ ڕزکاری ببێت! ئیتر بە یەکجاری و بۆ هەمیشە ناهومێد دەبێت و ترس لەگەیشتن بە سەربەستی بە سەریدا زاڵ ئەبێت ، بە شێوە بەچکەی فیل لە دوواڕۆژدا لە فیلێکی کەوی و وەحشییەوە دەبێتە ئاژەلێکی دەستەمۆی بێئازاری بێدەنگ و باس و دەستەمۆ و دەساژۆ ...

ئێمەی مرۆڤیش، وەک ئەو بەچکە فیلە بە ترس پەروەردە دەکرین، هەر لە سەردەمی چاوکردنمانەوە پێمان ئەوترێت، بڤە! دەستت بویستێت، دەستی لێمەدە، قسەمەکە، مەچوو، مەڕوانە و ...
تا وامان لێدێت کە ناوێرین دەست بۆ هیچ شتێک ببەین، پرسیاری وانەکەین و ...
ئیتر کە گەورە دەبین بە هێواشی دین و دەچین وەک کوێران دەخولینەوە، کرولالیش ئەنوێنین .

داخۆ پەروەردەی وا سەقەت و سرکەر و وەلاڕێدابەر توانای پەروەردەی هزر و مێشکی داهێنەری هەبێت و گۆڕانی بارودۆخی نالەباری لە خۆیدا دەبینێت؟
* ئامانجی پەروەردە گۆڕینی ئاوێنەیە بۆ پەنجەرە. "سیدنی هاریس "

پێشینیان وتوویانە: سوار تا نەگلێ نابێت بە سوار ...

## هۆرە



پیرانشار، گوندی گردکسپیان. هاوار لاجانی

وەبیرم ماوە ئێستاش دایە گەورە
کە دەتکوت دارە هۆرەو دەسکی تەورە

کە تووشم هات بە تووشی کوردی وەک کەو
ورەم رووخاوە سوێند بەو خوایە گەورە

دەناڵێنم لە دەس خۆیی، نە دوژمن
بە هێزی وان نەیارن هارو بەورە

دڵم روونە وەکوو ئاسۆی گەلی کورد
کۆتایی پێدێ هەرچی زوڵم و جەورە

دەسوورێ چەرخی دەوران رۆژێ بۆمان
خۆرن هەڵدێ لە بن ئەو چڵکە هەورە

دەچن بۆ کوێ، گەلی خۆفرۆشی روورەش؟
دەکەم ئاشی لەبۆتان بستێ چەورە

هەزار سوێندم بە خوێنی سوورخەڵاتان
کونی مشکیشو لابێ کۆشکی گەورە

دڵی پڕ بوو کە گریا چاوی هاوار
دنەی شێعرم هەمووی زووخاو و غەورە

## ژوان...



دیواندرە. ئیدریس عەبوودی

گێژەنگی گەڕی گەردوونی نەیار
هەتاوی ڕوخساری جوانی
وا لێ خستوومەتە پێوار
ڕۆژی کورت و
شەوگاری درێژ و بێ مانگ و تار
چۆن ببینم؟
تەنانەت، شەوە ڕێگەکانیشی
بەستووە لە ڕێبوار
***
بۆ دامرکانی ژیلەمۆی
دڵی پڕ سۆزی ئاوارەی هەژار
لە گەڵ تیشکی هەتاوی بەیانی
ڕۆح و گیانم ئاوپرژێن کرد
بە شەونمی سەر گەڵای ژوانگەی یار
***
سڵاوێ بۆ یاری نازدار
کڕنۆشێ بۆ جوانی و
حورمەتێ بۆ
خەونی سێبەری گوڵ و گەڵا و دار
***
تۆ ئەڵێی خۆر ڕێبوارێکە و
تازە لێرە، دابەزیوە
هەناسەکانی تۆ
هێشتا هەر ماون و
ڕۆحیان بە جەستەی ئەم دیمەنە بەخشیوە
تۆ بڕوانە:
" ژوان لە گەڵ ژوانگەی یار"
چاوانی چاوەڕوانی من نەبێ
کێ ئەوینی لەم ڕوانگەوە دیوە؟



## خۆری دەم کەل

سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی

کاروان بەرەو خۆری دەم کەل
ڕچەی ڕێی ئازادی دەگرێ
تەوار و هەڵۆی ئەم خاکە
لە لووتکەدا نەبێ نامرێ

وا پرشنگی خۆری دەم کەل
پرشنگ ئەدات لە وڵاتم
ڕۆشن ئەکا شارو لادێ و
تاریکە ڕێگای خەباتم

مەشخەڵی شۆڕشی نوێ یە
گێژەڵوکەی تورەیی گەل
پەیامی ئازادی پێیە
لە شەقەی باڵ ئەدا وەک مەل

هەڵۆ ئاسا بەرەو لوتکە
ڕۆحی شەهید هەڵفڕیوە
مەرگەوەری ئەم وڵاتە
زراوی چووە تۆقیوە



## لە زمانی ئازادیەوە

مەریوان. سەنگەر

من هاودەمێکی باش نیم و هیچکات نەبووم
لێم ببوورە کە هەرگیز من لە لات نەبووم

کام کتێب و کام چیرۆک و کام هۆنراوە
منی چڕی و لە وڵامدا من مات نەبووم؟

هەمووکات نوقمی زەریای زوڵم و بێدادی
ئەو ڕۆژانەش بەختیاری کە هات نەبووم

کە بێدەنگی هاتە دەنگ و شار خرۆشا
تەنانەت بۆ شاری خۆشم وڵات نەبووم

من دەبینم لەم ڕۆژانە چەن پەپوولە
بۆلام دێن و دەڵێن: خۆزگە ئاوات نەبووم

من بە دار و سەرپۆش و زیندان و قەفەس
داپۆشرام و هەرگیز هات و نەهات نەبووم

لێم ببوورە ئەی ژینای بێبەش لە ژیان
ڕۆژی ڕەشی ڕوودانی کارەسات نەبووم

ئێستە بڕۆ و مۆژدەی بوونم بەرە بۆ گەل
بڵێ تەواو ئەو ڕۆژانەی بەزات نەبووم

من مردووم لەم وڵاتە زیندووم کەنەوە
وا نەزانن کە چاوەڕێی خەبات نەبووم

بووژامەوە بە خوێنی پاکی شەهیدان
کێ دەتوانێ ئەمڕۆ بڵێ نەجات نەبووم؟!



# نەمزانی



مەهاباد. تاهیر عەزیزی

هێشتا ژانی ئازارەکانی دوێنێ و پێریێ کزر نەبوونە،
هێشتا لە گەردەلوولی ترسی گەماڕۆی ژان و خەمەکانی دابڕان ڕزگارم نەبووە
هێشتا بۆ جارێکیش بێت نەمبینی شادی و بزە
بزەییێکیان بزێتە ناو بزەی تفت و تاڵ و شێواوم،
هێشتا گڕی ئاخم سەرقاڵی سووتاندنی تان و پۆی یەک یەک خەیاڵ و خولیاکانمە،
هێشتا کەشی ژینی شوومی شۆڕەکاتم نەیتوانیوە ڕێژنە بارانێکی ئۆخەی بۆخۆی دەستەمۆ بکات لە هەرێمی بەسامترین کوێستانە باراناویەکانی ئەوین
هێشتا هرووژمی گەپجاری نیگای بە خوێن تینوەکانم یەک لە دوای یەک چەخماخەی دەستپێکی سەرخۆشی و هەرای شادی لێدەدەن بە دۆخی هاڵۆز و تاڵ و کۆمیدی لانە شێواویم،
هێشتا هەرا و هاواری لرفەی شەپۆلی وتە تەزێنەرەکانت سرنجی هەست و بیر و بیستنم دەلەرێننەوە،
هێشتا هەناسەکانی ساردی سینەم لە گێژاوی ئەوینێکی یاخی بوو پەنگ دەخۆنەوە و هاوار و ڕۆ ڕۆیان تەشقی ئاسمان دەلەرزێنێ،
کەچی ڕیشاژۆی کۆچ و ناپاکی یارانی نەیارم لە ناخی هەستم دا کاروان کاروان مۆر و شوێنی ڕێی کارەساتی خوێن و ڕۆندک و داد دەبڕن،
بەڕۆژ،بە شەو،هەموو دەم سەرقاڵی کۆکردنەوەی پەیڤەکانی ئێش و ئازارن تا هۆندنەوەی ناسکترین و غەریبترین شێعری ئەسرینی ئەشقی پێ دەستەبەر بکەن،
کەچی ئەو کەسەی کۆتەڵی شکۆ و بەرزی و جوانی و سۆزم لێ ساز دابوو هەردەم لە بۆسەی دزینی خەیاڵی شادیەکانم دابوو،
کەچی ئەو ڕووناهیەی لە دوورەوە سەیرم دەکرد و وشە و ڕستەی تەما و تاسەم بۆ دەچنی تیشکی خۆر نەبوو،تریفەی مانگ نەبوو، شەبەقی بەیانیش نەبوو بەڵکوو بلێسەی ئاواتەکانی من بوو لە باوەشی ئاوری سووتانی دڵێکی دۆزەخیدا دەسووتان،
دەمێک بوو وامدەزانی ئیتر بەرە بەرە ئامانج و حەزەکانم دەبووژێنەوە و وزەیان وزەی ناخ بە هێز دەکات بە هێزتر لە هێزێ خۆیان،
نەمزانی سەرەتای قڕانی ڕوحی ماندووی سەرجەم مەلەکانی هزر و هەست و هەموو هیواکانی ئەوینمە،
نەمزانی ئەوەی دەکۆشم و دەجەنگم بۆ زیندوو ڕاگرتن و پێ بەخشینی ژیانێکی نوێ و مسۆگەر کردنی گشت خولیاکانی لە قاموسی خۆشەویستی و بەختەوەریدا ئەو ا خەریکە حوکمی مەرگی خۆم و دانە دانە خەونەکانم واژۆ دەکات،
نەمزانی هەگبەی ئەوینی بۆ کوێ و بۆ کێ بە کۆڵ دادا و ملی ڕێگایەکی تووشی گرتەبەر و پشتی کرد لە هەموو بیرەوەریەکانی ڕابردوو،
نەمزانی بۆ چۆڵی کرد ئەم هەوارەی پیرۆزتر بوو لە هەموو پیرۆزیەکانی دوێنێ و ئەورۆ تەنانەت داهاتووشی!
نەمزانی نەمزانی نەمزانی....



## پاییز

بۆکان. ئیبراهیم هوشیار

پاییز دێت و دیسانیش وەرزی دڵم ناشادە
فەلەک جەوری نارەوا حوکمی حاکم بێدادە

گەڵای زەردە ئەوڕۆکە وا لە باغم دەوەرێن
مەڵی ئاشتی چاولێکە بە دەس تیغی جەلادە

داری سەوزم غەمبار و گوڵی لاولاو لارە مل
بوونە جەستەم چاوەڕێن بۆ مەرگێکی ناوادە

لێوم ویشکە بۆ مەزە کوانێ دێڵن جامێک بۆم
وەی لە داخی ئەو سۆفی ڕیشی مەکری بێدادە

تەزوو بە لەشمدا دێ ئێسک هەموو دەسووتێ
چەن لە کۆڵم ئەو دەمەی دەڵێن باغت حەوادە

مەرگی گوڵم وا دیوە کانی کۆسار ویشکە سۆن
بەرگی ڕەشە دەپیۆشم بۆ بەیبوون و کوڕادە

سازێکی غەم بۆم لێدە قاسپەی کەوم کە نایە
قومری باوی کە نەما وەسڵی قەلیش مورادە

وا دڵ پڕم لە پاییز ئاسۆم لە بەر چاو نییە
بۆیە پێم خۆشە بچمە ئامێزی گۆڕی سادە

مات و داماو وەڕەزم لەخشپەی پێ ئەترسم
پەیکی مەرگ وەرەوە و پەتی دارم بۆ بادە

شۆڕەبییە بێ هێزە و گوڵی سوێسن بێ نازە
پاییز نێوی مەرگێکە و بە خوا ئەوەی لێ زیادە

چۆم و چیای سەوز بوو دەمکردەوە تابلۆیە
داخەکەم وا ئێستەکە زەردی بۆتە قیادە

سوپای دەردە و پەژارە هێرش دێنن بۆ حاڵم
بۆیە ناگەم بە بەختم ئەو سوار و من پیادە

ئاخۆ ڕۆژێ دێ "هوشیار "وەرزی تاڵی نەبینێ
سروە لە سەر گۆڕەکەی جامێ نۆشکا لە بادە



## ڕووگە

بۆکان. ناتق مەجیدی (سۆران)

ماڵی ئاوا، هاتە ناخم خۆشەویستی سووسەنێ
تەرز و نەخشین، شێوەحۆری، شاپەری، کێڵگەردەنێ

موڵکی سابڵاغ بێ بە شاباشی دەمی گوڵخەندەکەی
شا دەنازێ هاودەمی بێ، شەنگە بێری، گوڵتەنێ

ماوەیەک بوو نەمدەزانی چۆن بڵێم خۆشم دەوێ
خوا دەزانێ ژانی مەرگم چەندە دیوە، وەی چەنێ

ڕۆی بە سەر چوو دەوری شەرمی نارەوای ئەو سەردەمەم
وەخت و کاتە تا پەری ئاواتەکانم پێکەنێ

ڕێک وتم تۆ خوا دەسی ئەو عەشقە شازەم بگرە تۆ
ئەو وتی بەو شەرتە بێژی یەک غەزەل بۆم بیژەنێ

نایەیەک باڵا بە باڵای نەرم و نۆڵی و بێخەشیم
بمبزێوێ تاوەکوو قەولی وەفاداریت دەمێ

ئێستە هاتووم دەس بە داوێنی غەزەل بم تا بکا
پاکی خەرمانی خەمانی ناخی زارم ئەو شەنێ

با بچێ هەر چی هەمە پاکی لە پێناوی گوڵم
شێتی ڕووتم تۆ خوا ئەی خەڵکی شاری بمگەنێ

شاری بۆکان زێدی (سۆران) بوو، ئەمێستا ڕووگەکەم
شاری سابڵاغ و ئەوێم کردۆتە مەئوا و مەوتەنێ

## خوێندنەوەیەکی ژینگەییانە بۆ شێعرەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەس



نووسینی: خالید یۆسفی بە زمانی فارسی.
خوێندنەوە و هەڵبژاردن و وەرگێڕان: عابید حسەینی




❖کتێبەکە بەراوردێکە لە مابەین شێعرەکانی شاعیری فارس سۆهراب سپێهری و مامۆستا شێرکۆبێکەسدا. کە پێم وابێ هەڵسەنگاندنی ئەو دوانە پێکەوە غەدرێکە لە ئیمپراتووری شێعر شێرکۆی مەزن. هەرچەند جێگە وپێگەی سۆهراب بە مۆرکی خۆیەوە دیارە.ئەمە لە سیستمی زانکۆیی ئێراندا بۆ کورد ناچاریەکی نەبڕاوییە بۆ ئەوەی دەمی دەزگای فورمی وڵاتی پێ ببسرێت بۆ کار لە سەر زمانی کوردی. من ئەو بابەتانی پێوەندی بە حەزرەتی شێرکۆوە هەیە هەڵمبژاردە و گرنگییم پێداوە وەک کورتە باسێک وەک نرخاندنێکی کار و تێکۆشانی کاک خالید و زەحمەتەکانی.

❖ ژینگە و سروشت لای شێرکۆبێکەس  تێکەڵاوێکە لەهست و ڕامان. وەک مرۆڤێک چاوی لێدەکات. چۆن مرۆڤ گەورە دەبێت  لای ئەم کەڵە هەستیارە هەمان مامەڵەیە. ئازارەکان و دڵە خورپە،  خەمە قووڵەکانی مرۆڤ لە گەڵ ژینگەدا ئامیان دەکات. سروشتی وەک خۆی پێناسە کردوە  ئەوەندەش وەک ژینگە دۆستێک بە لێشاو و هەرەمە سنگی نەداوەتە سەری، بەڵکوو لاسەنگەکانی پاراستووە. مابەینی بەرنەداوە. ڕێک و ڕاست وەک بوونەوەرێکی زینوو لە گەڵ سروشت جوڵاوەتەوە. باسی زۆربەی بوونەوەرە دەشتەکی و ماڵیەکان و ڕەوەک و نەجووڵەکانیش بە پوختی دەکات و کردیانیە بە ناواخنی نووسینەکانی. زۆر جار وەک خۆیان دەیان نوێنێ و زۆرجار دبنە هێما و لە ژێر لچەوە بۆ مەبەستی ناخ وداخ وهەست ونەست دەکاریان دەبات.

❖ لای شێرکۆ سروشت و لایەنەکانی گەردوونی مرۆڤ بارستای زۆرە و لێک جودا نین و هەڵگری وتەی ناخی مرۆڤایەتیین. سروشت بوەتە خلێنەوبلێنە بۆ شێرکۆ و کەرەستەی کارەکەیەتی. وەک بابەتێک دەیقۆزێتەوە وبە ڕامانەوە سەرنجی دەدات. لای شێرکۆ مرۆڤیش هەر وەک هەموو گیانداران واییە ولە پاڵ بوونەکانی دیکە لێ دەکۆڵێتەوە. وەک مرۆڤێک سەرنجی بوونەکانی دیکەش دەدات و گرنگی یەکسانیان هەیە. وێڕای هەموو بوونەوەری زیندوو و مردوو کەوتەتە گمە و بەستە و لە گەڵیاندا دەدوێت. ڕۆحی کردوەتە بەر هەموویان و دەمەتەقە و پەیڤینیان دەگەڵ دەکات.

❖ شێرکۆ بێکەس لە هەموو حاڵەتێکدا بە پیری ژینگە و سروشتەوە چووە. لە کاتی هێمنی وئەهوەنی وەک دەلالێک و ئەویندارێک لەکاتی هەڵچوون و شەڕ و ئەنفال وکیمیابارانیدا وەک شەرڤانێک. بەناخی نیشتمان پەروەریدا لینگی داوە و تا سەر کرکرۆتکەی ڕانەوێستاوە. ئەوەندە خۆشەویستانە باسی دەکات  تا ئێسقان کرۆشتوویەتی و بە دەمارەکانیا گەڕاوە و وادەزانی  هاکا لە ڕەگی هەستاوی ئەستووری ملیوە ئاماز بین.

❖ شێرکۆ بە دوو شێوازی دیکەش بۆ سروشت دەڕوانی:
ژینگەژنی و یەکسانی ژینگەی: لای شێرکۆ هاشاوڵ بۆ ژن بردن وەک پەلامار بۆ  سە ر ژینگە  پێناسە  دەکات . بە ڕبرچی  ئە و کەسانە دەداتەوە کە تووشی ئەو هەڵس وکەوتە بۆ ژن وژینگە بوەن. لای شێرکۆ نایەکسانی ولاتەریبی لە  ژینگە دا گوناحێکە نەبڕاوە کە بەسەر گەلە چەوساوەکاندا داسپاوە و خەساریان لێکەوتەتەوە.



## حورمەتی پێنووس

مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی(زایەڵە)

ئەی کە تۆ  پێنووسی پیرۆز خاوەنی ناوت ئەکا
ئەهلی کۆمەڵگا بە وردی سەیری هەنگاوت ئەکا

هێزی هزری نووسەریت با سەر لە ئاسمانیش بدا
پاک نەبی  گەر، نیشتمانێ تف لە ناوچاوت ئەکا

سەد دەخیل سا! ئەو دەمانەی خۆشەویسیت زیاد ئەبێ؛
ڕێت بە ڕاسی گەر نەپێوی، توشی تۆی داوت ئەکا

ئەر بە هانای کویلەکان و مافخوراوانۆ نەچی
چەرخی گەردوون چۆن عیلاجی داووبێداوت ئەکا؟

ژانی گەل تا نەیهەژێنێ ناخی تۆ، هەردەم شەرەف؛
پشت لە نووسینی هەڵێت و هزری ڕووخاوت ئەکا

گەر دەمی شێعرت  مەسیح بێ و ڕۆح لە بەر مردووش بکا
مردنی لاخۆشە دیسان،   بێز لە هاڵاوت ئەکا!

چەشنی تووتی بیری" بارت" و "کافکا " کاوێژ  بکەی!
شێتی شار  یاری بە مێشکی پووچی شێواوت ئەکا

"نیچە"چی! ؛ ئەفکاری جارێ جاوە  جوان تاکوو کەمێ
–فکری ئەو فکرێکی حاڵی لێکترازاوت ئەکا

ئەو دەمەی دەم دەی لە  نووسین، بیری ڕووناکت هەبێ
جا ئەبینی چۆن نەمان  سەر شۆڕ لە پێناوت ئەکا

زایەڵە ؛  هێمن نەبی کاتی تراتێنی ستەم
"دێڕی  هێمن"،  هێمن هێمن، نەرمە پاراوت ئەکا



## پائیز

مەهاباد. سووتاو

ئەوینەکەم....ئەوینەکەم
لەمێژە نێو دڵی یوم
لە مێژە سینگی پڕ گوم
تەژی لە داغی بێ سنوور
لەشاری شین لە شاری سوور
بەئەوپەڕی پەژارە وە
بە کۆسپی بێژمارەوە
چاوەڕوانی بزەی نیگان
هەربە هیوان  هەربە هیوان
ئەوینەکەم ئەوینەکەم
لە دەریایی بێ بناری غەم
لە پائیزی پڕ تەموغەم
لە دووری تۆ هانی جەستەم
چۆن دڵت هات وبمبینی
من قاڵ ببم بە چە شنی شە م؟
دیوانە بم بە چە شنی مەم؟
ئەی زینە کەم: چۆن دڵت هات
پائیزی ڕەنگاورەنگیمن
بە زریانی سەفەرێکی
وایڕ ئێش ودەرد وئازار
بکەیتە زستانی لاسار
بارستایی تەواوی کێوی کوردستان
کوێوەی غەم بە سەرمدا بباریێنی
ئەیزینەکەم  چۆن دڵت هات؟
ئەو دڵەی بە تەنیا، ئەتۆ، هەتوانی بووی
مانای ڕیە ولێدانیبووی
بەم جۆرە تەنیا بهێڵی
لەنێو پێلی پڕ لە سامی
کوێرەوەری
بە جێبێڵی......بە جێ بێڵی.......

## من ...!



مەهاباد. هەژێن

من ئەو تیشکەم
هەزاران ساڵە ڕێ دەبڕێ
لەناو پۆلی گەلەستێران  بەرەو ئامانج و پێکانێک
لە ڕێچاڵێ قەتیس ماوە

من ئەستێرەم
لەناو تاریکە ڕێی ڕەشدا
وەکوو بڕیاری ئازادی لە بۆ کۆیلەی بەیەخسیرچوو
هەوای هیوای بەرەنگاری و دەمێ خوڕپەی خەمی خەوتن
کزەی کاروانکوژێکی مەست
کە لەم دۆخە قەتیس ماوە

من ئاواتم
لەناو زامی دڵی بێ ژوان
لەگوێێ ژاری مژاری تاڵ
لەبۆنی مەرگی پێش مردن
لە پاپۆڕی بەرەو تۆفان
لەناو دوایین پشووی ژیندا
هەنیسک و هەستی ئاواتم
هەڵۆی وێڵی تەوارێکە لە ئاسۆدا قەتیس ماوە

من ئەو پیتەم
بەدەنگۆیەک دەبزوێت و
لە بەندیخانەکەی ڕستە
دەمێ کاری بەسەردادێ
چەلێ چاوگەی وشەی شێتەو
هەنێ ڕێزمانی شەمزاوە و لەناو کاتدا قەتیس ماوە

من ئەو یارەم
کەیارم بێ بەڵێن دەرچوو
لەناوکێشەی دڵی شێواوی مەستانەم
سەرم دانایە سەرشانی و لەناو قورسی خەوی ژیندا
بەخولیای باوەشی خۆشی
لەبیرم چوو کە هەرچی بوو تەوژمی ڕاپەڕینێک بوو
وەکوو خۆری بەری ڕۆژپەڕ لەناکاوێک لەدەستم چوو

من ئەو دڕکەم
هەتاکوو هەم ئەویندارم
لەناو پۆلی گوڵاندا
هەڵوەدای شاپەڕگوڵێکی زەردی وەک تاوم
بەسەدخونچە هەرا و هاواری هاوڕێیین
بەڵام پارێزەری تۆمەو
بەیادی تۆ قەتیس ماوم

من ئەو چاوەم
کەتیرهاوێژە چەشنی تاو
بە برژانگ و خەدەنگ و ڕمب
دەپێکێ سینگی داهاتوو
دڵی برژاوی مێژوویە و لە ئێستادا قەتیس ماوە

من ئەو ئاوەم
بەرەو لێژی دەخوڕدایە
دەگەڵ گێژاوی داماڵین تەما دەگرێ و
لەترسی هەرچی بەنداوە
لەناوخۆ خول دەخوا و داخم قەتیس ماوە

من ئەو شاخەم
سەرم سەربەرزی هەورانە
بەخوڕ ڕادێن لەداوێنم هەزاران ژیر و نەسرەوتوو
بەرەو لووتکە و ترووپکم زۆر بوێرانە
بەڵام تاپۆی دڵی شێتم
لەناومژدا قەتیس ماوە

من ئەو ڕاوەم
بەدژ ڕاوچێوە وەستاوە
لەناو کێشەی هەڵاتندا لەتاوی تۆ قەتیس ماوە

من ئەو دارەم
هەزاران ساڵە پەل داوێ
بەزستان چێژەمەرگەو ناکەوێ دیسان بەهار دادێ
گەزیزە ڕەوتی ژین دەچرێ
گەڵای دار شین دەبێ و دەڕوێ
لق وپۆ دەردەکا بەرداوێ ڕەگ دەکوتێ
بەزیندوویی نەیاری یاری سێدارە
سەری بەرزە ڕەگ و بنجی نەفەوتاوە
بەڵام داخم هەژێنی ژینی نامۆیەو
قەتیس ماوە قەتیس ماوە



## مەمنێژن

زەڕینەی هەوەتوو. ناسر زامدار

جارێک مەمنێژن
هەتا کەی بە تاوانی بێ تاواڕیم دەس درێژن
هەتا کەی بە ملوانکەی یاسا
بە سوختەی قەڵەم و
لە پشت چاویلکەیکی زیق
نوقمی کورسی بی عەداڵەتین
تەپۆڵک تەپۆڵک
بێ عەداڵەتی ئەپێژن
من شێعرم نەک چیرۆک
من شلێرم قووتابخانەیەکم بە هەزاران پەرتووک
خەونی کاتژمێرەکانی تەمەنم پێ سەر هەڵگرت
لە پشت دەلاقەیکی ئاوس
ئاوس بە کوشتنم
پەنجێرە منی بوو
منیش کاتی مەرگم بوو
مەرگیش بە قەد هەموو دونیا
شەرەف و ناموسی تێکەڵ بوو
بە ئاواتم
ئەو قانون و یاساتانا لە گەڵ من بینێژن
من لە نێو چوار چێوەی مێحرابی پەنجەرەیک
کڕنۆشم بۆ زەوی برد
هەناسەکانم پڕ تاو
بێ دەسەڵاتیم
ئەبێ بەرەو نەمان هەر بێژن



## شەقامی مردوو

شێعر: مەریەم گوومار

وەرگێڕان ـ نادرمستەفازادە

لە کوێی ئەو شەقامە مردووم؟؟؟!
هەرچەندی دەگەڕێمە دواوە
خۆم نابینم
ڕۆژگارێکی بە بێ بەزییە
غەم قامکی ئاماژەی
بۆ لام ڕاداوە!
پێش ئاسمانم
بە هەورێکی ڕەش گیراوە
بۆ کوێی ژیانیان
فڕێداوم!؟
کە وا درەنگ گەیشتمێ و
درەنگ تێگەیشتم
کە ئاسمانم
گشت بە خەم داپۆشراوە

وە تۆ
لە کوێی دنیا
خۆت حەشار دا
هەرچەند بانگت دەکەم
بێ وەڵامە
بەڵام
نێوت لە زارم ناکەوێ
سبەی دیسان
تۆ لە سەر شەقامی
بیرەوەری
لە پشت حەوشەی
گوڵە بەیبوونەوە
بانگت دەکەم
نێوت وەک هەستێکە
لە دڵم نیشتەجێ
هەر وەک خۆشەویستیت
ڕەنگە ناوی تری
ئاسمانیشم خەم بێ

سەید کامیل ئیمامی "ئاوات"

کێ دی وەها لەپڕ گوڵی هیوا بپشکوێ!
نەورۆز و ڕۆژی خۆشیی گەلی کورد وەدەرکەوێ
ڕۆژی نەجاتە، کاتی خەباتە، فریشتەکەت
کوردە! ئەگەر نەترسی سەری ناوەتە سوێ
هەر چاوەڕێی خەباتی من و تۆیە کاکی خۆم!
من حازرم ئەگەر کەسێ بێت و ڕەگەڵ کەوێ
شەرتە نەدەم وچان و وەنەوز و خەوم نەبێ
هەر نەسرەوم دەمێ، لە بەیانی هەتا شەوێ
تا کفنی دوژمنم نەبڕم، نەیکەمە بەری
نەینێمە گۆڕی پیسی، نەڵێم ژینی خۆم دەوێ
داری هومێدی کوردە بە خوێنی گەل ئاو درا
تاکوو جیهان جیهانە، سەری بەرزە، نانەوێ
تازە چرۆ دەکات و بەریشی بەرێوەیە
هەر ساڵ بە بای بەهار دەشنێت و دەبێ نوێ
تاکوو تەنوورەکەت دەگرێ، کاری خۆت بکە
نەک بێتە کۆتی پێت پنە، گەر تۆ هەلت دەوێ
هەڵکەوتووە، لە دەستی مەدە هەل، هەڵێ مەڵێ:
نارۆمە پێشێ، ببزوو؛ لە ڕۆحی منت کەوێ!
هەرگیز مەهێڵە دامرێ تەنوورەکەت لە گڕ
بەو تینی گەرمی وی، دڵی دوژمن دەبێ توێ
پێ هەڵگرە، درەنگە، نەوەک دامرێ، بڕۆ
کاکی «ئیمامی»! تۆ کە ژیانی گەلت دەوێ. . .

هەولێر. موحیب مەهابادی



من لە تەنیایی ناترسم
زۆر لەمێژە هاوڕێی منە
وەک ئێوە هەراسان نابم
گۆشەی تەنیایی جێی منە

لاتان لە مەرگ ناخۆشترە
بە جێمان و دووربوونەوە
دایم یەکێکتان پێویستە
دیسان خۆی پێهەڵواسنەوە

من لەناو خەڵوەتی ژیندا
دەمێکە خۆم دیتۆتەوە
هاوڕازی ئەم دڵەی خۆمم
دڵدارانم بیر چۆتەوە

خۆم دڵداری دڵی خۆمم
بە یەکەوە قەت تەنیا نین
بە پێچەوانەی خەڵکی دی
قەدری یەکتر باش ئەزانین

بەس لای ئەوە دەکەم باسی
بەسەرهات و دەردی دەروون
دڵسۆزانە گوێ رادەگرێ
یان بە چارە، یان بە بۆچوون

گرینگ نییە ئیتر لێرە
کەسێک ڕەد یان قەبووڵم کا
باوەڕ بەخۆبوونم بەسسە
ئەمنی چاک هێنا بە ئاگا

موحیب تەنیایی نێعمەتە
خۆت دەناسی لەو دەرفەتە
خۆناسیش خواناسی پێوە
خەڵوت ڕووناکی و حیکمەتە. . .



وێنەیەکی دەگمەن و مێژوویی کوردستان، زیندانی ورمێ، ڕێبەندانی ساڵی ١٩٤٦ی زایینی و ١٣٢٧هەتاوی، دەستەیەک لە تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان؛ لە ڕاستەوە : ١ـ جەعفەر ئاغای کەریمی لە ئەفسەرانی کۆمار ٢ـ شاعیری کورد مامۆستا سەیید کامیل ئیمامی زەنبیل"ئاوات"، ٣ـ میرزا کەریم ئەحمەدێن لە وەزیرانی کۆمار، ڕووحیان شاد و یادیان هەرمان بێت، پێشکەشتان هاوڕێیانی هێژا و دڵسۆزی خاکی پاکی کوردستان. . .

«بەسپاسەوە موحیب مەهابادی»



## دڵتەنگی

سەقز.کامیل موحەممەد جانی

دڵم تەنگە، بە قەد دڵتەنگی شاریٚ
بە جێی فرمێسک، لە چاوم خوێن ئەباریٚ

چلۆن دڵتەنگ نەبم، بەم بارو دۆخە؟!
دەبۆ نەگریم لە بۆ حاڵی هەژاریٚ؟!

نە خۆشی ما،نە بەزمێک و نە نەزمێک
کەمێک شای ش هەبیٚ، زۆر زوو ئە تاریٚ

لە لاوو گەنج و پیر و دۆس و دوژمن
هەموو تێکرا ئەڵێن، مردین بە جاریٚ

ئەگەرچی مردنیش، لای خوا خەڵاتە
چلۆن هەر بۆ گەلی بیٚ کەس ئەباریٚ؟!

لە بەر گورگی دڕی هاری زەمانە
کش و ماتم ،نەما سەبر و قەراریٚ

سەرم گێژە، لە گێژاوی تەمەندا
کە وا هەردەم ئەڵێم خۆزگەم بە پاریٚ

بەسە کامیل بگە ئاواتی کامیل
کە فەرموویە هەتاو هەڵدیٚ بەهاریٚ

بنو ژینا دەگا ئاواتی ژینت
کە گوڵ پشکوت بەهاریش دیٚ بە جاریٚ



## پاییز

ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە

بڕیار بوو تۆ
ئەو ساڵ کاتیٚ هاتی
شادی و خۆشی بێنی
بە ڕەنگی جوان
وڵات
بنەخشێنی
کە چی هەر لە هاوین
گەڵای دارت
دەستی کرد بە وەرین
ڕەنگی ڕەشت کێشا
سەر هەموو لا
هەر ماتەم و خەمت
بە دیاری هێنا
کوا بەڵێنی وا بوو
گەر ئاوا زوو
بێی و
گوڵ لە باغان
بژاکێنی
بیکەی بۆژوو
پاییز
وا دیارە تۆش
وەک خەڵکی زەمانە
سەرەتای کارت
دەست پیٚکردووە
بە درۆ و فێڵ
ڕاستیت وە لا ناوە
بەڵێنیت لە بیر نەماوە
کە وا
بە بیٚبەزەیی
چنگت
لە پرچی دارستان
کردووە گیر
قژی سەوزیت
دەرهێناوە



بانە ـ باوکی نیشتمان

## ماسی

ماسی زەرد و سوور و ڕەش
وردیلەی جوانی چاوگەش
ئەی مەلە وانی ناو ئاو
دێیت و دەچیت بە پرتاو
ئەژیت لە ناو دەریادا
ئەگەڕێی بەو دنیادا
لە ناو چۆم و ڕووباران
لە ناو گۆم و کەناران
ئەتبینم هەرچی جارە
ناوێستی تا ئێوارە
کرم و گژ و گیا ئەخۆی
بۆ کوێ پێت خۆش بێ ئەڕۆی



## کەروێشک

ئەژیم لە دەشت و شاخان
مەزرا و نزار و باخان
جارەگوڵزار و بژوێن
لە لای من خۆشترین جێن
کە ئەچمەدەر لە ناو کون
دەر ئەکەوم لەقوژبن
دەڕۆم بەو قەڵەمبازە
بۆ گێزەر و گیای تازە
هەر چەندە زێدی زەنوێر
بۆمان بۆتە مایەی خێر
بەڵام مەترسی زۆرە
دنیا پڕ لە گۆشتخۆرە



## تیمساح

ئەژدیهای ناو ئاو تیمساحە
بە هەژموون و زەبەلاحە
بەو سەدان ددانە تیژەی
بەو هەڵمەتە توند و تیژەی
بەو قەپاڵە زۆر گەورانە
درندەی هەرچی دەورانە
کوێ گەرمە و ئاویشی لێیە
کەیفی لە ژینی ئەوێیە
بەران و بزن و گا کێوی
تا گیانلەبەری وەک ڕێوی
لە ماسی ناو ئاو و مەلی
چی بکەوێتەبەر پەلی
بۆی ئەبن بە خۆراکی خۆش
ئەمی پێ ئەبێ بە سەرخۆش!



## مەیموون

هار و هاجە مەیموونە
کێ هێندەی ئەو چەتوونە؟!
ژینگەی لە لای درەختە
هەوراز و لێژ و تەختە
زۆربەی کاتی لەسەر دار
بە کەمی لێی دێتە خوار
هەر چەن ژیانی سەختە
بەڵام بێرە خۆشبەختە
خواردنی زۆری میوە
لەو دەشت و دۆڵ و شیوە
هەرهەمیشەشوریایە
لەو درندەی لەویایە
لە چی گۆشتخۆری کێوی
پڵینگ و گورگ و ڕێوی



## مار


هەر کاتێ مار برسییە
بە ڕاستی مەترسییە!
گاز ئەگرێ بە ددانی
لە دۆست و دوژمنانی
بە ژەهرێکی کوشندە
بە لایە بۆ باڵندە
مشک و قرپۆک و کۆتر
جووجکەوهێلکەو شتیتر
قووتیان ئەدا بە یەکجار
خۆ دەئاڵێنی لە دار
ژەمێک بخوات جاروبار
بە دوور ئەبێ لە ئازار!



## ڕێوی

ڕێویم و فێڵم زۆرە
کلکم درێژ و بۆرە
ژینگەم لە کێو و هەردە
جێگەم کونی بن بەردە
پیشەم ڕاو و شکارە
لە دەشت و لانزارە
کەروێشک و قرپۆک و مار
مشک و سمۆرەی سەردار
کۆتر ، کەڵەشێر ، جووجکە
مریشکی جوان و هێلکە
خۆراکی خۆش لە لامن
هەموو بە چێژ و تامن!





## شازده‌ی ڕه‌زبه‌ر( ٨ ئۆکتۆبر)



### ڕۆژی جیهانی مناڵان پیرۆزبێت

بۆکان. سه‌عده‌دین خوسره‌وی

وڵاتانی جیهان به بۆنه‌ی جۆراوجۆر ڕۆژانی تایبه‌تیان بۆ ڕۆژی مناڵ دیاری کردووه، به‌ڵام ڕۆژی جیهانی مناڵان، شازده‌ی ڕه‌زبه‌ر(٨ئۆکتوبر) به بیرۆکه‌ی مناڵان پێکهاتووه. له وه‌ها ڕۆژێکدا، دوو مناڵ( له قوتابخانه‌ی ئاتاتوری نیویورک) به نووسینی نامه‌یه‌ک بۆ مناڵانی جیهان داوا ده‌که‌ن که هه‌موو مناڵانی جیهان، ڕۆژێ به ناوی ڕۆژی سوڵح و ئاشتی دیاری بکه‌ن.
به دایک و باوکان و به‌رپرسان، بڵێن : ئێمه ژیانی ئاشته‌واییمان ده‌وێ، دوور له هه‌را و شه‌ڕ و ته‌نگه‌ژه...

❋❋



مناڵان به‌دی هێنه‌ری جوانترین ده‌نگ و ڕه‌نگی هه‌ست وئه‌وینن.
له هه‌موو وێنه‌گرێ ڕوونتر وێنه‌کان ده‌کێشنه‌وه،
له‌هه‌موو گه‌وره‌کان وردتر وگه‌شتر ده‌ڕوانن.
زانای به‌ژن کورتی ئاماڵ درێژن.
به‌تاسه‌ی گه‌شه‌ی سبه‌ی سه‌رڕێژن

قه‌رێ قه‌رێ
بانگه‌شه بکه‌ن ئه‌م هه‌واڵه
شازده‌ی ڕه‌زبه‌ر
ڕۆژی جیهانی مناڵه

ئێمه مناڵان، له هه‌ر کوێ
په‌یام بۆ یه‌کتر ده‌نێرین
به‌قاقا و چه‌پڵه و گۆرانی
ئاهه‌نگی خۆشی ده‌گێڕین

به ئاواز و ساز و جه‌فه‌نگ
بێ جیاوازی، زمان و ڕه‌نگ
هه‌موو هاوار ده‌که‌ین به‌ده‌نگ
حاشا له کێشه و هه‌را و جه‌نگ



هۆ دایه، بابه، دڵسۆزان
ڕوو بده‌ن به ویست و ڕامان
ئه‌وکه‌سانه‌مان خۆش‌ده‌وێ
گوێ ڕاده‌گرن بۆ قسه‌کانمان

وانه‌ی ئاشتیمان پێ بڵێن
با ته‌قه‌ڵلامان بێته‌به‌ر
ماڵی هێورمان بۆ سازکه‌ن
مناڵ بێ‌خه‌م لێی بێته‌ده‌ر.....

هه‌ر شوێنی مناڵی لێیه
یامناڵ لێی نیشته‌جێیه
مێهره‌بانی لێداچێنن،
لێی مه‌پرسن ماڵی کێیه!

بۆکان سەعدەدین خوسرەوی

## ڕەزبەر

هەواڵان خەبەر  خەبەر
هاتەوە  مانگی ڕەزبەر
هاوین بارگەی پێچاوە
وەرزی پایز کەوتە گەڕ

داران بەریان لێکراوە
میوەی خۆش بەلێشاوە
ترێ و هەنار و هەرمێ...
هەمە ڕەنگ تێکەڵاوە



قوتابخانە کراوە
باغی زانست گەشاوە
سرووشت ڕەنگی گۆڕاوە
سەوز و زەرد تێکەڵاوە.

هەوران سەریان هەڵداوە
بارانە بە ڕێگاوە
شەو درێژ و سارد دەبێ
"بەرگی هەژار دڕاوە"

ڕەز: بەمانای ترێ؛ لەم مانگەدا لە وڵاتی ئێمە هەرەتی پێگەیشتنی باخی ڕەزە و هەموو جۆر ترێی ڕەش و زەرد وسوور و...دێتە بەرهەم. "بەرگی هەژار دڕاوە": واتا پێویستیت بە جل و بەرگی گەرمە بۆ بەرگری لە سەرما....

## دۆعا



دەستەکانی بچووکـم
بەرەو ئاسمان هەڵدێنم
دەپاڕێمــەوە لە خـودا
ئـەم دۆعایە دەخوێنم

ماڵمان پڕ بـێ لەخۆشی
بەدوور بین لە نەخۆشی


پێکەوە بڕۆین بۆ سەیران
بگرم دەستـــی بابەگیان

کە هاتـمەوەلــەکـایە
بچمەباوەشـــی دایە
خودای تـەنیا؛ تکایــە
قەبووڵ کەی ئەم دۆعایە.

## ڕێگەی مەدرەسە

دیسان ڕازاندوومیەوە
وەکوو گوڵ، دایە گیانم
وێنەیەکی پەپوولەی
داوە لە سەر گیرفانم

کیفی سووکی، بۆ کڕیوم
وەکوو خۆم، خنجیلانە
داومە بەکۆڵما، دەڕۆم
هەموودەڵێن، لێت جوانە



بابە گیان هێور هێور
دەستی بە سەرما دێنێ
دەڵێ: ڕۆڵەی شیرینم
خوێندن، باڵ دەسازێنێ

لە سەر لێوی هەموومان
بزە و خۆشی میوانە
سبەی لە گەڵ هەواڵان
دەڕۆم، بۆ قوتابخانە.

وەرگیراو لە شێعری:افسانه شعبان نژاد.

## زەنگ

قژی نەرم و شێواوم
دایە بۆی داهێناوم
بەرگی بۆ کڕیوم بابە
کاکە دیاریی پێداوم



دەفتەر، کتێب و قەڵەم
بۆیانلە نێو کیف ناوم
خۆشیم لە چاو دەباری
وەکوو ئەستێر، کەلاوم

دەست لەناو دەستی دایکم
گەڕاین پێکەوە ئەمڕۆ
پێم گوت دایە بەنەشەی؟
پێی گووتم لە خۆشیی تو!

یاران هاتن بە شوێنما
دەڵێن  بڕۆ  دەرەنگە
دەرکەی مەکتەب کراوە
مامۆستا دەڵـێ: زەنگـە.

# پایزێکی ئەرخەوانی

ناوی تری،
نیشتمانی من پایزە
پایزێکی ئەرخەوانی
لەو ڕۆژەوە،
ترس و مەرگ و گریان وخەم
چوارقۆڵی بوونە میوانی!



ك.د.ئازاد